# بیرەوەرییەکانی چەند کەسایەتی

# سەردەمی پەهلەوییەکان (١٩٧٩-١٩٠١)

## بەشی ٥

## بیرەوەرییەکانی سەرلەشکر فەزلوڵای هومایوونی

## وەرگێڕانی مامۆستا حەسەن قازی

برای بەڕێزم کاک حەسەنی قازی حەجی بۆ هێناومەتە سەر لەج! من کە بێگومان دەبوایە لە درێژەی ئەم باسەدا بچمە سۆراغی بیرەوەرییەکانی سەرلەشکر هومایوونی – فەرماندەی لەشکری کوردستان و دەوری چەپەڵی ئەو لە دژایەتیکردن و بەرانبەر وەستانی کۆماری کوردستان (١٩٤٦) دەربخەم، بە بڵاو بوونەوەی ئەم بابەتەی مامۆستا حەسەن لەسەر وێبلۆگی "ڕوانگە" کارم بۆ هاسان بووەوە و لێرەدا بە ئیجازەی ئەو، عەینی وەرگێڕاوە کوردییەکەی لە بەشێکی بیرەوەرییەکانی هومایوونی دەهێنمەوە.

ئەم بەشە هەڵبژاردەیە، ساڵانی ١٣٢٤ و ٢٥ [١٩٤٦] دەگرێتەوە کە تێیاندا کۆماری کوردستان بە ڕێبەرایەتی پێشەوا قازی محەممەد دامەزرا و بە هێرشی هێزەکانی ئێران بۆ سەر ناوچەکە هەرەسی هێنا. هومایوونی، وەک پێشتر لە بیرەوەرییەکانی ڕەزم ئارادا ئاماژەم پێکرد، یەک لە نەیار و ناحەزانی کۆمار و گەلەکەمان بوو و بەم بۆنەیەوە ئاشکرایە ڕوانگەی بە نیسبەت کوردەوە لەم بیرەوەرییانەدا دەبێ چۆن بێت. کاری کاک حەسەن، خۆی گوتەنی، زۆر بە وردەڕیشاڵە، لاپەڕەیەکی زۆری کتێبەکەی تێدا تەرجەمە کراوە ولە کۆتاییشدا بەراوردکارییەکی قسەی هومایوونی لەگەڵ نووسینەکانی نەمر خەلیل فەتاحی قازی کراوە و نامەیەکی شەهید سەدری قازیش خراوەتە بەرچاو کە دەریدەخات لەو ڕێکەوتەدا لە تارانەوە چۆتەوە مەهاباد یان براوەتە ئەوێ.

لێرەدا پێویستە بڵێم کە ئێرانییەکان ساڵانێکی زۆرە پرۆژەی مێژووی زارەکیی ئێران لە ژێر چاوەدێریی زانکۆی هارواردی ئەمریکی و بە بودجەی ئەوان بەڕێوە دەبەن و توانیویانە بیرەوەری گەلێک کاربەدەست و فەرماندەی سوپایی سەردەمی قاجار و پەهلەوی بڵاو بکەنەوە کە وا هەبوو ئەگەر ئەو پرۆژەیە نەبوایە، خۆیان نەیانویستایە یا نەیانتوانیایە بیرەوەرییەکانیان بنووسنەوە. ئەوە پرۆژەیەکی گەلێک گرنگ و سەرکەوتووە و جێی خۆی دەبێت ئەگەر کوردیش بە شێوەیەک لە شێوەکان کارێکی هاوچەشن بۆ کەسایەتییە سیاسییەکانی خۆی بەڕێوە ببات و ئیجازە نەدات قەڵەمی چەپەڵی کەسانی وەک ئەرفەع و پژمان و قانعی فەرد مێژووی سیاسی گەلەکەمان پەڵەدار بکەن.

بە سپاسی زۆری مامۆستا حەسەنەوە، ئەوە ئێوە و ئەوەش وەرگێڕاوی بەشێک لە بیرەوەرییەکانی سەرلەشکر فەزلوڵڵا هومایوونی فەرماندەی ئێرانیی لەشکری کوردستان کە من ناوی دەنێم "لەشکر بۆ سەر کوردستان!". ئەوەش ئەدرەسی وێبلۆگی مامۆستا بۆ کەسانێک کە بیانەوێت ڕاستەوخۆ سەردانی وێبلۆگەکە بکەن: http://www.ruwange.blogspot.co.uk/

## بەشێک لە بیرەوەرییەکانی سەرلەشکر فەزلوڵای هومایوونی

## وەرگێڕان لە زمانی فارسییەوە: حەسەن قازی

بیرەوەرییەکانی سەرلەشکر فەزلوڵای هومایوونی

زانکۆی هاروارد

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست

[پرۆژەی مێژووی زارەکی ئێران]

بەڕێوەبەر: حەبیب لاجەوەردی

سەرلەشکر هومایوونی لە ساڵی 1282 [ی هەتاوی] لە تاران هاتووەتە دنیا، دوای تەواو کردنی ساڵانی منداڵی چووە دەبستانی هیدایەت و لە دوایە دەبیرستانی هیدایەت و پاشان چووە مەدرەسەی نیزام لە وەزارەتی جەنگ. هاوکات لە گەڵ کودەتای ڕەزا شا بووە ئەفسەر و مەئموورییەتی درایە بۆ لەشکری غەرب. لە ساڵی ی 1324 هەتاوی کرا بە فەرماندەی لەشکری کوردستان.

بیرەوەرییەکانی سەرلەشکر فەزلوڵای هومایوونی

گێڕەرەوە: تیمسار فەزلوڵای هومایوونی

بەرواری وتووێژ: 5ی ئۆکتۆبری 1984

شوێنی وتووێژ: لەندەن – ئینگلیستان

وتووێژکار: حەبیب لاجەوەردی

کاسێتی پێنجەم



<u>ئەحمەدی قەواموسەلتەنە سەرۆکوەزیری ئێران لە سەردەمی رووخانی کۆماری کوردستان دا</u>



<u>سەرلەشکر حاجیعەلی ڕەزمارا سەرۆکی ستادی ئەرتەشی ئێران لە کاتی روخانی کۆماری کوردستان دا</u>



Major-General (ret) Fazlullah Homayuni

سەرتیپ فەزلولڵای هومایوونی فەرماندەی ئەرتەشی ئێران

ترانسکراپسیۆنی کاسێتی پێنجەم لە لاپەڕەی 10 وە

....عەرزی حزووری مبارەکتان بکەم  ئەوانمان نارد بەرەو لای سەقز و ئێمە بۆخۆشمان چووینە سەقز.کاتێک ئێمە بەرەو سەقز دەچووین ئیدی نەدەکرا لە ڕێگای " هۆبەتوو" وە بچین، گوتم دەبێ بە ڕێگای " سیاە آب " و بە تەنیشت چۆمی دا بچین.  کاتێک بە ڕێوە بووین لە ڕێگایە تووشی سەروانێک بووین بە نێوی غەلغەلسایی. سەرهەنگ غەلغەلسائی ئەفسەری ئیتیلاعات بوو، ئەفسەری ڕوکنی دووەم بوو لە ستادی ئەرتەشەوە چوو بوو بۆ مەهاباد. دەی لێمان پرسی غەلغەلسائی بۆ کوێ دەچی؟ گوتی،" بەندە دەچمەوە تاران." گوتمان چ بووە؟ گوتی، " هیچ قوربان کارەکە تەواو بوو." گوتم کاری چی تەواو بوو؟ گوتی، " قازیی محەمەد کە سەرۆکایەتی جمهوورییەتەکەشی ڕاگەیاند." سەرۆک کۆماری کوردستان؟ گوتی، " بەڵێ 4000 نەفەر ئەفسەریان لەوێ ئەرتەشی ڕووسییە پەروەردەی کرد و هەمووشیان جلوبەرگی ڕووسییان دەبەر کرد و هیچ ئیدی ئێمە لەوێ هیچمان لە دەست نایە، لەوانەیە بەندە بگرن و بمهێنن. ئەو خەیاڵەشیان هەبوو. بەندە بە شەو..." گوتم زۆر باشە. هاتین گەیشتینە تەنگێک، دیتمان بەفرەکە زۆر توندی کردووە ئەسپەکان تا سینگیان دە بەفر ڕۆدەچن. هەرچۆنێک بێ لە تەنگەکەش تێپەڕین  تانگێک گەیشتبووە داوێنی تەنگەکە سواری بووین و هاتینە لێواری چۆمی، ئاوی چۆمیش هەستابوو. شەوێ لەوێ ماینەوە و بۆ بەیانی زوو وەڕێ

کەوتین، لە چۆمیمان دا و گەیشتینە ئەو بەری ئاوەکە. فەرماندەکەش داراب موختاری بوو بە ماشێن هاتبوو ئەو بەری چوومی، سوار بووین و چووینە سەقز."

دەی وەزعییەت چۆنە؟ گوتی ، " بەڵێ ، لەم لایەوە بارزانییەکان ،- کە لەبەشی یەکەمی قسەکان دا عەزرم کردی – ئەوانە لە بەر گوشارێکی لە سەریان بووە لە خاکی عێراقەوە هاتوونەتە نێو خاکی ئێران. ژمارەیەک لەوان لە دەورو بەری میاندواو و شاهین دێژ [ سایین قەڵا] و ژمارەیەکیشیان لە دەورو بەری بۆکانن و هێندێکیشیان هاتوون بۆ سەرا و مەلامستەفای بارزانی ش لە سەرایە. دەی سەرا لە کوێ یە؟ سەرا لە دەور و بەری سەقزە. حەمە ڕەشیدیش کە عەرزم کردی بە ژەنەڕاڵ فرەیزرم گوت خەڵکی عێراقە، ئەویش هاتووەتە لای مەلا مستەفای بارزانی بە 135 نەفەر سوارەوە. دەی؟ بەڵێ ئەو دەمی وەزعییەت ئاوا بوو. ئەو ئاغای عەبباسی یەش کە دواتر بوو بە سەناتۆریش، بە نوێنەری مەجلیس، بە سەناتۆر و ئەو خاوەنی سەرا بوو. بانگمان کرد بێتە سەقز؟ دەی عەبباسی چ باسە؟ گوتی جەرەیان ئەوەیە و ئاوایە و هەموو شتی باس کرد. زۆر باشە. نامەیەکم نووسی بۆ حەمەڕەشید خانی قادر خانزادە کە ئاغای حەمە ڕەشید خان ئێوە لە " سەرا" چ دەکەن؟ ئێوە لە خاکی عێراق دادەنیشن مەبەستتان لە هاتن بۆ سەرا چییە؟ تکایە بە ڕوونی ئاگادارمان کەنەوە. [ بە نووسراو] وەڵامی نەداوە پەیامی نارد. لە پەیامەکەی دا گوتبووی ئێمە کارێکمان نییە ڕێگا بدەن ئێمە بچینە بانە ئامادەین شان بە شانی ئێوەش ببزووینەوە تەنێ بەوشەرتەی کە پادگانی بانە لەوێندەرێ نەبێ، گوتم سەیرە دەتانەوێ شان بە شانی ئێمە ببزوونەوە و کار بکەن. دیتم ئەوە قسەیەکی نا بەجێ یە. ئەو کارەی کە کردمان ئەوە بوو دەستبەجێ دەستمان کرد بە ڕاهێزاندنی بانە و سەردەشت و گوردانێکیشمان لە سەر ڕێگای نێوان سەقز بۆ بانە لە یەکەی تازە دامەزراند. فەرمانیشم دا ئەوەی لە کەلوپەل لە سنە مابووەوە باری ووشترانی کەن، بە ئاسایی ووشتران سەرلەبەیانی کە بەفر دەیبەستێ و بەستەڵەکە هاسانتر دەتوانن تێپەڕن. نیزیکەی سەد و پەنجا شێست ووشتریان گرت و ئەو کەلوپەلانەی کە لە ستوونەکان بە جێ مابوون بە تایبەتی بێنزین زیاتر و نەوتیان لێ بار کردن و لە گەڵ گوردانێکی سوارە دا هاتنە سەقز. ئێمە گوردانەکەمان لەوێ دامەزراند و بۆ بانەش لەو گوردانە کەلکمان وەرگرت و یەکەیەکمان دا بە سەردەشت و خاروبارمان بۆ ناردن بۆ ئەوەی تا جۆزەردانی ساڵی داهاتوو  بەش بکا، هەموو شتێکیانمان دابین کرد ، بێسیمەکانیانمان چاک کردەوە و لە وەزعییەتی ئامادە دا بووین کە ئەگەر بیانەوێ [مەبەستی  کوردەکانە، وەرگێڕ] شتێکمان بە دژی بکەن ئێمە ئامادەین بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەیان. فەرمانمان دا لە پادگانەکانی سەقز و بانە و سەردەشت لە گشت ئەو بەرزاییانەی کە دەڕواننە شاری بورج ساز بکەن چونکە دیتمان ئەگەر بمانەوێ گشت هێزەکانمان شەوانە لە شاخان دا بن لە نێو دەچن، بەڵام لە بورج دا دە نەفەر دابین دەکرێن. ئەوانیش [ مەبەستی کوردەکانە، وەرگێڕ] کە تۆپیان نییە، تفەنگیان هەیە، یان موسەلسەلیان هەیە،شتێکیان نییە، هەر ئەو کارەشمان کرد. هەڵکەوتی خۆمان قاییم کرد.

وەکوو دیکەش هێندێک ئاڵوگۆڕ کرا و سپەهبود ئەمیر ئەحمەدی بوو بە وەزیری شەڕ. ئێمە سەبارەت بە جەرەیان و بارودۆخی کوردستان گوزارشتمان بۆ دەنارد. ئەو بۆچوونی ئاوا بوو کە ئێمە سەردەشت و بانە چۆل کەین بێینە دواوە چونکە ئاوا بە دەرەوەین و لە نێو جەرگی کوردستان داین. ئێمە وەڵاممان داوە کە ئاغا ئەوە دەبێتە هۆی هێندێک تەلەفات. باشتر وایە ئێستا کە ئێمە هەموو شتی تاکوتەرای خۆمان دابین کردووە ئەوان لە شوێنی خۆیان بمێننەوە و ئەگەریش شتێک هاتە پێشی هەر لەوێ خەساریان لێ بکەوێ باشترە و هەلوێستی خۆیان بپارێزن. لە سەر ئەوە دژایەتییەک لە نێوان ئێمە و سپەهبود ئەمیر ئەحمەدی دا پەیدا بوو، بەڵام ئەو هەر قسەی خۆی دەکرد و ئێمەش حنجەتمان بۆ دەهێناوە، دوا جار داوای پشکنێرمان کرد. دەی پشکنێری بەرز بنێرە با بێ بە چاوی خۆی ببینێ. لە پێشدا سەرلەشکر موقەدەم یان دیاری کرد.

پرسیار: کامە موقەدەم؟

ووڵام: سەرلەشکر موقەدەم ی بە نێو بانگی ئازەربایجانی، شت ئی مەراغە،

پرسیار: بەڵێ، هەر ئەو کەسەی کە لە ئازەربایجان بوو بە ئوستانداریش.

ووڵام: ئوستانداری ئازەربایجان. دوای 48 سەعات سپەهبود ڕەزم ئارا وەک پشکنێر دیاری کرا و لە گەڵ هەیئەتێک هات.

پرسیار: بۆ خۆی؟

وولام: بەڵێ. ڕەزم ئارا تا ئەو دەمی لە بەر چاو کەوتبوو بەڵام دەرکەوت کارەکەی جێ بە جێ بووە و هات. هات و ڕەزم ئارا گەیشتە هەمەدان و لەوێوە قسەی لە گەڵ کردم و گوتی، " فلانەکەس هەتا ئەمن دەگەمێ نابێ هیچ جۆرە تێکهەڵچوون و ڕووبەڕوو بوونەوەیەک بکرێ." گوتم نا ئێمە ئاوقایان نابین، بەڵام ئەگەر ئەوان بیانەوێ دەستدرێژی بکەن ئێمە ناچار دەبین وەک ئەوان بجووڵێینەوە و وولامیان بدەینەوە.

لەو نێوە دا خەبەر هات کە ڕووسەکانیش بەو بڕیارەی کە دانداروە دەیانەوێ بەرەبەرە، واتە هاوپەیمانان دەیانەوێ بەرە بەرە ئێران چۆل کەن، و ڕووسەکانیش بڕیارە کە پاشە کشە بکەن ئێستا ئەوە خەریکن کوردەکانی ئازەربایجان و مەهاباد بە هێز دەکەن واتە ئەو چەکانەی هەبووە و ئەوانیان لە لەشکرەکانی ئەوێ ئەستاندبوو هەموویان دا بە ئەوانە [ مەبەستی بە کوردەکانە، وەرگێر]. ئێستا لەشکری ئازەربایجان، لەشکری ڕەزائییە چەک کران. تەورێز، لەشکری ئەردەوێڵ، ئەوێ سێ لەشکری لێ بوو. هەموو چەکەکانی ئەو لەشکرانەیان لێ ئەستاندن و دایانن بەو عەشیرەتانەی کوردستان، بە قازیی محمەد. دەی جا ئێمە بە فڕۆکە گۆیا بۆ شناسایی چووین. دوایە چووین لە پڕ بینیمان ئاغا ئەوە نیزیکەی چوار سەد پێنسەد نەفەر سوارە لە دەورو بەری ئەو گوردانەن کە ئێمە لە سەر ڕێگامان دانابوو، نیزیکەی دوو سێ کیلۆمیترێک لەوان دوورن. ئێمە بە ڕێگای لوولەی خەبەر گوردانەکەمان ئاگادار کرد.

پرسیار: چی؟

وولام: ئەوەی پێویست بێ دەنوسرێ لە هێندێک لوولەی تەنەکەیان دەنێن، مولاحەزە دەفەرمووی؟

پرسیار: بەڵێ، ئەوانە بەر دەدەنەوە؟

وولام: بەڵێ بەری دەدەنەوە، ڕاست دەچێتە خوارێ و با بۆ ئەم لاو ئەولای نابا و ڕاست دەکەوێتە نێوەڕاست. شتێک ڕادەخەن گۆیا چادری ناسینەوەیان. کاتێک چادرەکە شناسایی کرا، فڕۆکەکە دەسووڕێتەوە ، دەسووڕێتەوە لەو شوێنەی کە پێویستە لوولەکە بەر دەداتەوە و ڕەوانەی دەکا و دێتەوە.پێمان گوتن ئاغا شەوێ ئاگاتان لە خۆتان بێ کە ئەمشەو ئەو یەکانە هێرشتان دەکەنێ. دوایە چوومە بانە و بانەشم ئاگادار کرد و گەڕاینەوە ئاغا دیتمان نا، ئەوانە بەو شێوەیە لەوانەیە شەوێ هێرشبکەن و بە موسەلسەل دەگیانیان کەوتین. دە وەرە لییان دە. تەق، تەق، تەق، تەق.
پرسیار: بە فڕۆکە ؟

وولام: بە فڕۆکە. هەشت نۆ ئەسپ و نەفەر بریندار بوون و ئێمەش ڕۆیشتین.چووینە سەقز، ئاغا لە سەری شەوەوە تا بەیانی دیتمان ئەوە هەر دەنگی تەقە دێ و نوور ئەفکەنیش بە کار دەهێندرێ. دەرکەوت ئەو گوردانەی کە لە سەر ڕێگا دامەزرابوو کەوتبووە بەر هێرشی عەشیرەتەکان و ئەوان هێرشیان کرد بووە سەر قەرارگایەکە. بەڵام [هێزی ] ئێمە قەرارگاکەیان پاراست. سەنگەریان قایم بوو تێیدا دانیشتن و ئەوان نەیانتوانی هیچ بکەن. هەتا بەیانی لەوێ بوون و دوایە بڵاوەیان کرد بوو. ڕەزم ئاڕا گەیشتە سنە، تەلەفۆنی کرد وەزع چۆنە، خەبەر چییە؟ ئێمە پێمان گوت، " گوتی ئاغا من کە گوتبووم." گوتم ئاغا مەگەر بە دەست منە؟ ئێمە لێرە دانیشین، دانیشین، ئاغا عەشیرەت بێن پادگان بگرن دوایە کەچی لە جێدا هەر تەقەش نەکەین. لە کورتی بیرمەوە، بۆ سبەینێ ئێوارێ هات و ئێمەش تا سێ چوار فەرسەخی گۆیا پێشوازیمان لێکرد و دابەزی و ڕووی منی ماچ کرد و لەوانە. گوتی، " فلانەکەس هێندێک شت هەنە دەبێ لە گەڵت بیانهێنمە گۆڕێ." گوتم بەڵێ بفەرموو. گوتی، " دەڵێن کە ئێوە عەشیرەتەکان هان دەدەن". گوتم بە چ مەبەستێک؟ بۆ چ ئارمانجێک؟ گوتی، " نا، مەبەست ئەوەیە کە ئێوە لە پێش دا بە دژی ئەوان دەجووڵێنەوە و کارێکی وا دەکەن ئەوانیش کاردانەوە نیشان بدەن". گوتم کە کاتێک من دەچم لە دوو سێ کیلۆمیتری دا پێنسەد سوارەی چەکدار هەن ئەوانە خۆ بۆ میوانی نەهاتوونە وێندەرێ، ئەوانە بە نییەتی خراپ هاتوون. خۆ خەڵکی ئەو ناوانەش نین، لە تایفە دووردەستەکانەوە هاتوونە وێندەرێ بۆچی هاتوونە دەورو بەری پادگان. جا ئەوە دیارە من نابێ بێڵم لە پێش دا ئەوانە دەست بەکار بن بۆ هێرش کردن بۆ سەر پادگان، بەڵکوو دەبێ لە کۆڵیان کەمەوە. گوتی، " هەرچۆنێک بێ لە تاران وایان دەگوت". گوتم لە تاران [ڕەنگە کەسێک] لە ڕووی ئاگادار نەبوونەوە ئەوەی گوتبێ.گوتی، " موزەفەری فیرووز چووەتە تەورێز، قەواموسەڵتەنە ئەمنی نارد بۆ ئێرە، موزەفەری فیرووزی ناردووە کە لە گەڵ پیشەوەری قسە بکا، منیشی ناردووە لە گەڵ قازیی محەمەد بۆ ئەوەی لە گەڵ هەر دووکیان قسە بکرێ.گوتی، " ئێستا من نامەیەک دەنووسم

بینێره بۆ قازیی محەمەد. نامەکەی نووسی، " بەڵێ جەنابی ئەشرەف مەئموورییەتی داوه بە من تا چاوم بە ئێوه بکەوێ." لە هەمان حاڵ دا بە تێلگرافیش لە گەڵ موزەفەری فیرووز لە پێوەندی دا بوو.قازیی محەمەد لە گەڵ سەرۆک وەزیرەکەی و وەزیری شەڕەکەی واتە حاجی بابە شێخ و کەسێکی دی کە یونیفۆرمی نیزامی دەبەر دابوو، هاتنە " سەرا " ئاگاداریان کردین ئێمە هاتووین دەمانەوێ بێین بۆ سەقز، ئەفسەرێک بێ ئێمە بهێنێ. دەی ئەفسەرێکمان نارد بۆ نێزیک شاری چوو و ئەوانەی هێنا. هاتنە ژووری. ئەوەم عەرز نەکردی کاتێک ڕەزم ئاڕا هات سێ نوێنەریشی لە گەڵ بوو. گوتی ئەوه عەلیزادەیە و ئەوه ئازەربادگان نوێنەرانی پێشەوەرین، ئەوانی ناساند. ئەوانە لە کەسانی حوڕ و ئازادیخوازن. دەێ ئێمەش لە گەڵ ئاغایانی ئازەربادگان و ئاغای عەلیزادە ناسیاویمان پەیدا کرد. گوتی، " نوێنەرانی قازیی محەمەد بێن با قسە بکەین سەراوەردی ناوچەکەیان بۆ دیاری بکەین و ئەوان لە کوێ بن و ئێمە لە کوێ بین. دەی هاتن. نوێنەرانی قازیی محەمەد هاتن. گوتی ، " باشە لە کوێ مزڵ دەدەی بەوانە؟" گوتم ئەوانە با بچنە ماڵی عەبباسی. گوتی ماڵی عەبباسی نا، ئەی نوێنەرانی پێشەوەری لە کوێ جێ دەکەیەوە؟ گوتم ماڵی موزەفەرولسەلتەنە، لە خانە ناوچەییەکان بوو. دەی ئەوان لە ماڵی عەبباسی مانەوە و ئەوانیدیش لە ماڵی موزەفەرولسەلتەنە. دوایە ڕەزم ئارا ناردی بە دوویاندا دەی وەرن دانیشین قسە بکەین. گوتیان، " نا لە بەر ئەوەی ئێمە تازە هاتووین ئێوه دەبێ بۆ چاوپێکەتنمان بێنە لای ئێمە. ڕەزم ئاڕا گوتبووی، " کە ئەوه نوێنەرانی پێشەوەری ش لێرەن." بڕیار وا داندرا لە ماڵی موزەفەرولسەلتەنە کە نوێنەرانی پێشەوەری ش لەوێ بوون کۆ ببینەوە. ئەوەیان قەبووڵ کرد، ئەوجار ڕەزم ئاڕا بە منی گوت،" دەی وەرە با بچین." گوتم تیمسار ئێوه تەشریف ببن بەندە ... گوتی، " نا ئێوه فەرماندەی لەشکر و بەرپرسی کاروبارەکانن ، ئێوەش وەرن" چووین. چووین دانیشتین و قسەی جۆر بە جۆر کرا. پاشان گوتیان، " دەی ئەو سووڕەت مەجلیسە بنووسن" دوایە لەگەڵ ڕەزم ئاڕا دەستمان کرد بە نووسین: بە پێی فەرمانی جەنابی ئەشرەف قەوامولسەلتەنە سەرۆکوەزیری ئێران و فلان و فلان.. ئەوان پرۆتێستیان کرد. گوتیان ئەگەر دەنووسن جەنابی ئەشرەف قەوامولسەلتەنە سەرۆکوەزیری ئێران دەبێ بش نووسن جەنابی ئاغای جەعفەر پێشەوەری سەرۆکوەزیری ئازەربایجان و قازیی محەمەد سەرۆک جمهووری کوردستان و ئەگەر نابێ عینوان و لەقەب بنووسن بۆ هیچکامیان مەنووسن. هەر بنووسن جەنابی ئەشرەف قەوامولسەلتەنە، جەنابی ئاغای جەعفەر پێشەوەری، جەنابی ئاغای قازیی محەمەد. دواجار ڕەزم ئاڕا قەبووڵی کرد بەو سەردێرە سووڕەت مەجلیس بنووسین. نێوانی یەکەکان بە مەودای تیری تۆپێک بێ و هیچ لا هێرشی یەک نەکەن تا وتووێژی سیاسی لە مەرکەز بکرێ و بڕیاری پێویست بدرێ. دەی باشە. ئەوان ئیمزایان کرد. خودالێخۆشبوو ڕەزم ئاڕا سووڕەت مەجلیسەکەی لە پێش من دانا کە منیش ئیمزای کەم. گوتم من ئیمزای ناکەم. گوتی چۆن؟ گوتم ئێوه مەئموورییەت تان دراوەتێ کە لەگەڵ ئەوانە وتووێژ بکەن، خۆ من مەئموورییەتێکی ئاوام نییە. کە وا بوو ئەگەر ئەوان دەستدرێژی نەکەن ئەم بەندەیەش دەتوانم عەرز بکەم کە ئێمەش هیچ دەستدرێژی ناکەین ، بەڵام ئەگەر ئەوان دەستدرێژی بکەن ئێمە درێژە دەدەین بە عەمەلییات. گوتی باشە پێویست ناکا ئێوەش ئیمزای کەن. گوتم بەندەش هەر لەو ڕووەوە ئیمزای ناکەم.گوتی زۆر باشە، زۆر باشە. ناڕەحەت بوو. قسەکان تەواو بوون هاتینەوە.هاتینەوە دەفتەر گوتی، " ئێوه لە حزووری ئەوان دا." گوتم نا حەقیقەتم بە ئێوه گوت. ئەمن هەتا ئەو سەعاتەی کە لێرەم و بەرپرسیارەتیم هەیە قوربان دەبێ ئەرکی خۆم بەجێ بێنم. هەر کاتێک وجوودی بەندەتان بە پێویست نەزانی دەبێ تێلگراف بنێرن بەندە بڕۆم واتە ئەمر بکەن لێرەوە بچمەوە تاران. بەڵام بەندە ناتوانم وەک کەسێک کە برین دەکولێنێتەوە هەلسوکەوت بکەم. دانیشم لێرە لە پشت ئەم مێزە و خۆم ببەستمەوە چونکە نابێ هیچ خەتایەک لە منەوە ڕوو بدا. ئەوان بێن و برژێنە سەرمان لە کاتێکی ئاوا دا کە ئێمە لە جێدا نەتوانین کارێک بکەین، گوتی، " زۆر باشە"، دوایە بۆ بەیانی گوتی فلانەکەس ئێمە دەمانەوێ بەرەو بانە بچین لە گەڵ نوێنەرانی پێشەوەری و قازی محەمەد، ئێمە چەند جیپمان ئامادە کرد و ئەوانە سوار بوون و وەڕێ کەوتن. ئاغا نیزیکەی دەکیلۆمیترێکیان ئاژۆتبوو بارزانییەکان ئەوانەیان لە بەرزاییەکانەوە بە گوللان داگرت.

پرسیار: بارزانییەکان لە گەڵ قازیی محەمەد نەبوون؟

وولام: با لە گەڵی بوون، بەڵام بە پێی فەرمانی نیزامی خۆیان دەبزووتنەوە. بەڵێ ئەوانە ئوتومۆبیلی ڕەزم ئارا و نوێنەرانی قازیی محەمەد و ئاغای پێشەوەری یان وەبەر گولله و موسەلسەلان دا. ئەوانە گەڕانەوە سەقز. گوتی، " ئاغا خۆ ئەوانە بە قسەی کەس ناکەن" بارزانییەکان ئاوا و ئاوان. گوتم بەڵێ وایە. ئێوه نووسیتان مەودای گولە تۆپێک لە نێوان دا بێ، ئەوه نییە بەڕێوەی نابەن، کە ئەوانە عەشیرەتین. گوتی، " بەڵێ." تێلگرافی کرد بۆ تاران. دەی شەوێش خۆ تاران نەیدەتوانی هیچ بکا. گوتی، " دەی فلانەکەس" شەوێ گوتی، " فلانەکەس ئێوه حوکمێکی عەمەلیاتی بنووسن ئەگەر ئێمە بمانەوێ بە زۆری پێشڕۆیی بکەین بە چ شێوەیەک بێ." سپەهبود مەجیدی ش لەوێ بوو، ئەو دەمی

سەرگورد بوو ئەویش لە گەڵ ئەوانەدا بوو کە لەتەک ڕەزم ئاڕا دا هاتبوون. ئەوم لە دیواندەرە دانا کە ناگاتە سەقز کە من سەرۆکی ستادی لەشکر بووم و لە گەڵ ئەو عەشیرەتانە ناسیاویم هەیە ڕێگا بدەن من لەوێ بمێنمەوە و لەگەڵ ئەو عەشیرەتانەی مەڵبەندی دیواندەرە قسە بکەم و ئەوانە ئامادە بکەم کە ئێمە چەکیان بدەینێ ئەوانەش بە دژی ئەوان [ مەبەستی کوردەکانە، وەرگێڕ ] وەگەڕ کەون.زۆر باشە. ئاغا تەلەفۆنێکی کرد بۆ ڕەزم ئاڕا و باسی ئەوەی بۆ کرد کە هەموویان ئامادەن. ئەمر بفەرموون سێسەد تفەنگ بدەن بەوانە. من بە ڕەزم ئاڕام گوت ئاغا ئەو کارە مەکەن، لەو بارو دۆخە دا تفەنگ دان بە عەشیرەتەکان هەڵەیە و ئەمانە خۆشیان پێشینەی خراپیان هەیە ئێستا ئێمە بە چ متمانەیەکەوە دەتوانین چەک بدەین بە ئەوانە؟ گوتی، "نا ئاغا مەجیدی ش ئەفسەرێکی ساکار نییە و داوخوازێکی هەیە من دەڵێم کە بیاندەینێ." گوتم باشە فەرموو بنووسە. ئێمە گوزارشت دەنێرین بۆ تاران. ئێمە تێلگرافمان کرد بۆ تاران. گوتیان، " بەڵێ بیروڕای ڕەزم ئاڕا جێ بە جێ بکرێ." گوتمان باشە، گوتمان بنێرن لە سنەوە تفەنگ بێنن، لە دیواندەرە تەسلیمی مەجیدی بکەن.، خاروباریشیان بدرێتێ. زۆر باشە. فەرمان بدەن. نووسیمان بۆ سنە گوتمان ئاغا خاروباریان بۆ بنێرن. ئاغا فلان و ئاغا، دوای ئەوەی کە هەموو ئەمانەمان بۆناردن، دەستور بفەرموون کە چوار موسەلسەل لەگەڵ خەدەمەی پێویست لە بەر دەست مەجیدی بنێن. گوتم ئاغا شتێکی ئاوا نالوێ. نیزامی لەگەڵ عەشیرەت ناتوانن عەمەلیات بکەن،یا دەبێ نیزامی سیفر بێ یان عەشایر. عەشیرەتەکان خۆیان عەمەلیات بکەن، و نیزامییەکانیش خۆیان. ئێمە بێنین ئەوانە تێکەڵ کەین، ئاغا لە پڕ هاتوو دەستە نیزامییەکەیان بەجێ هێشت و پاشەکشەیان کرد، دەچنە سەر نیزامییەکان و چەکیان دەکەن ئاغا. شتێکی ئاوا مومکین نییە. ئەگەر پێشم بڵێن ئەمن ئەو فەرمانە جێ بە جێ ناکەم چونکە دەزانم هەڵەیە.
گوتیان باشە ئێستا کە نیزامی نانێری تفەنگەکانیان بدەنێ. گوتمان ئەوە تفەنگەکانمان ناردووە. دەی بڕیار بوو مەجیدی لەگەڵ ئەوان عەشیرەتان وەجووڵە کەوێ.
قوربان لە سەر نەخشە ئێمە ئەگەر بەرزاییەکانی کوێ بگرین، چۆنە؟ گوتم یەکجار زۆر باشە. کوێ بگرین، کوێ بگرین. زۆر باشە دوا جار کە ئەوان لەم تەنیشتەوە بڕۆن و ئێمەش لەو تەنیشتەوە و گۆیا بەرزاییەکانی بارزانییەکان بکوتین و بچینە پێشێ. حوکمی ئۆپێڕاسیۆنمان دەر کرد ، شێوەی جووڵە و پێشڕەوی و بەشەکان و بە چ شێوە.
پێمانگوتن ئێوەش دەبێ پاراف بدەن.ئیمزای کرد ،ئێمەش ئیمزامان کرد بڵاومان کردەوە. ئەو ستوونە کە هەر نەچوو، یانی چوو، سێ چوار فرسەخێک کە چووە پێشێ لەوێ وەستا کە بەڵێ ئێمە پێداویستیمان بەوەهەیە لە لایەن هێزی نیزامییەوە تەقوییەت بکرێن، دەنا سەربەخۆ ناتوانین عەمەلییات بکەین. ئەو ستوونە چوو لە گەڵ بارزانییەکان تێک هەڵچوو. سێ نەفەر ئەفسەر و ٣٥ نەفەری دیکە کووژران هەتا بەرزاییەکانی سەرەوەی لای شاری سەقز داگیر کرا .

پرسیار: ٣٥ نەفەر ئەفسەر؟

وولام : سێ ئەفسەر و ٣٥ نیزامی

پرسیار: بەڵێ.

وولام: بەڵێ، تاریک داهات و سەنگەرەکانیان لە بارزانییەکان ئەستاندەوە، بارزانییەکان ئەوێیان بە جێهێشت و لە بەرزاییەکانی ئەولاتر دامەزران. دوایە ڕەزم ئاڕا گوتی کە فڵانەکەس جەرەیانەکە ئاوایە. گوتم بەڵێ ئاوایە ئیتر. دەی ئەوەم عەرز نەکردی. ئەو ڕۆژەی خودالێخۆشبوو ڕەزم ئارا ئەو سەرهەنگ شاهروخشاهیەی کە ئێستا بووە بە سپەهبود، ئەوەش لە گەڵ سوئیتی ڕەزم ئاڕا بوو هەشت نۆ نەفەر سەرهەنگ بوون، سەرهەنگ بەهرامی، سەرهەنگ شاهڕوخشاهی، عەرز بکەم بە حزوورتان کە ئێمە دانیشتبووین لە گەڵ خودالێخۆشبوو ڕەزم ئارا خەریک بووین نەهارمان دەخوارد، ئەویش لە "ساحێب" بوو ئەو شاهڕوخی یە. گوتی،" ئاغا لەو هەورازەی پشتی ساحێب کوردەکان هاتن و دوو کامیۆنی کە شەکریان بار بوو ، بردوویانە ئێستا چ دەفەرموون؟ ئاە، بە خودالێخۆشبوو ڕەزم ئاڕام گوت ئاغا ئەم سەرهەنگەی کە لەڵ خۆت هەڵت گرتووە هێناوتە ئاگات لێیە کە ڕادەی بیر کردنەوەی تا چ ئەندازەیەکە؟ لەبەر ئەوەی خۆی هیچی نەکردووە ، ئێستا هاتووە دەپرسێ ، ئێستا ئێوە چ دەفەرموون! ئەوە فەرموونی ناوێ ، ئەتۆ گوردانت لە بەر دەست دایە دەبێ هەستی بچی. ئێمە دەستبەجێ سواری جیپ بووین و چووینە شوێنەکە. گوتم ئاغا مەگەر تۆ گوردانت نییە؟ بۆ هیچت نەکرد بۆ ڕزگاری ئەوانە؟ بە کورتی چووین. چووین دوو تانکمان نارد ، دیتمان دەی، بە دووربین تەماشامان کرد دەی دیتمان ئەوانە کە ناتوانن کامیونەکان بەرنە کێوی، کامیۆنە شەکرەکەیان بردبووە داوێنی کێوی ئێستا چاوەڕێ دەکەن کیسە کیسە بارەکە داگرن و بیبەن. فەرمانمان دا کە دوو تانک داخوشین بەرەو کامیون، هەر ئەوان تەقەیان دەکرد . با ئەوەندە تەقە بکەن هەتا گیانی دەردەچێ ، خۆ هیچ شوێنێک لە تانکەکە ناکا.

تانکەکان چوونە تەنیشت کامیۆنەکان . کامیۆنەکانیان بۆکسێل کرد. هەر خەریک بوو کارتۆنیان دەهێنا شەکرەکانی تێکەن و ببیەن، دەبینن ئەوە کامیۆنەکە دەڕوا. هەر تەق و تۆق لە کامیۆنەکانیان دەدا چ ئەسەری نەبوو. کامیۆنەکان بۆکسێل کران و ، تانکەکان خەریک بوون دەیانهێنانەوە. دوو کامیۆنە شەکرەکەیان هێناوە. لەو شوێنەش، لە گەردەنەکە فەرمانمان دا بورج دروست بکرێ و گرووپێک لەوێ دابمەزرێندرێ و گەڕاینەوە. مەبەست ئەوەیە بڵێم کاتێک ئەوە ڕوویدا خودالێخۆشبوو ڕەزم ئارا تێلگرافی کرد کە ئەمن دەبێ بچمە تاران..

پرسیار: کێ دەبێ بچێتە تاران ؟

وەڵام: ڕەزم ئارا. گوتی، " کاربەدەستانی مەرکەز هێندەیان ئاگا لە وەزعی کوردستان نییە و نازانن شەپکە توندە "گوتم باشە ئەی ئەو تێلگرافانەی بۆیان دەنێردرێ نایان خوێننەوە؟ گوتی، " بەڵێ دەیانخوێننەوە، بەڵام سەریان زۆر قاڵە و کاریان زۆرە." چوە تاران و لە دوای دە ڕۆژ بوو بە سەرۆکی ستادی ئەرتەش. جا تێلگرافی کرد بۆ ئێمە کە بەڵێ ئێستا ئێوە بە هەموو هێزی خۆتانەوە لەوێ ئەرکی خۆتان بە جێ بهێنن و هەر جۆرە یارمەتی و تەقوییەتێکیشتان بوێ بۆتان دەنێرن و ئاوا و ئاوا. جا ئێستا قسە لەوە بوو کە مەبەستیان بوو بۆ عەمەلییات لە ئازەربایجان موزاکەرەی سیاسی بکەن. قەوامولسەلتەنە چووە شووڕەوی و لە گەڵ ڕووسەکان قسەی کرد، ڕووسەکان مەسئەلەی نەوت یان هێنا گۆڕێ. ئەویش پێی گوتن دەبێ هەڵبژاردنی مەجلیس بکرێ، نوێنەران هەبن قۆڵی لە سەر بکێشن و ئێمە ئیمتیازی نەوت تان بدەینێ. و ئەو هەڵبژاردنی نوێنەرانەش بەستراوەتەوە بەوەی کە هێمنی هەبێ و بکرێ سندووقی دەنگدان ڕۆ بنرێ و خەڵک دەنگ بدەن. جا بۆیە نەیروو [هیزی ئەرتەش ] دەبێ بچێتە ئازەربایجانێ. ڕووسەکان هەتا زەنگانیان داگیر کرد بوو، بۆخۆشیان پیشەوەری یان هێنا و لە سەر کاریان دانا، پیشەوەری ش هێندێک هێزی لە زەنگان دامەزراند بوو، لە میانە ڕای گرتبوون، لە تەپەی ماکۆ. قازیی محەمەد کە ئەوانەی هێنا بوو، سەرای پێ کوتا بوو[!!] و لە کوێ و کوێی داگیر کردووە. هەموو چەکەکانیان دا بەوانە ئێستا کە خۆیان [ ڕووسەکان] خەریکن پاشە کشە دەکەن، ئەوانە دەبێ جێیان بگرنەوە و عەمەلیياتەکە بەڕێوە بەرن. تێلگرافیان بۆ کردم کە دەستبەجێ بەرەو تاران بچم ، بە فرۆکە، ئێمەش هەستاین چووینە تارانێ.
گوتیان کۆمیسیۆنێک هەیە بە ئامادەیی قەوامولسەلتەنە، وەزیری شەڕ، سەرۆکی ستادی ئەرتەش و ئێوە، چووین سەعات 6ی سەر لەبەیانی. قەوامولسەلتەنە تەختەخەوەکەی خۆی بردبووە وەزارەتی کارو باری دەرەوە و لەوێ دەماوە. چووینە وەزارەتی دەرەوە دیتمان قەوامولسەلتەنە ڕاحەت لە سەر کورسی دانیشتووە ، ئاویان بە دەستی دا کرد ، خەریک بوو ئەنگوستەکانی چەور دەکرد، دەستی وێشک ببوو پێشتر دوو جاری دی قەوامولسەلتەنەم دیبوو کاتێک سەفەری کرد بوو بۆ دیتنی فەرماندەی لەشکری خووزستان و قسەشم لە گەڵ کرد بوو، ناسیاو بووین و یەکتریمان دەناسی. ئەمیر ئەحمەدی هات، ڕەزم ئارا هات. لێیان پرسیم کەنگێ هاتووی؟ گوتم بۆچی هاتووینە ئێرە، گوتی ، " فەرموو دانیشە." دانیشتم، گوتی، " دەی باسی کوردستانم بۆ بکە، با بزانم ڕاستی ئەوێ چییە."؟ ئەمنیش نەخشەی کوردستانم پێ بوو لەوێ لە سەر دیوار هەڵم ئاواسی و لەوێ ڕوونم کردەوە کە هەڵکەوتی هەر لایەک چۆنە، ئەوە توانایی ئەوانە، ئەمەش توانایی ئێمەیە و ئاوا و ئاوا. گوتی،" ئێمە وامان قەرار داناوە کە پیشەوەری زەنگان بدا بە ئێمە. لە جیاتیان ئێمەش تیکانتەپە لە مەڵبەندی کوردستان بدەین بە قازیی محەمەد. بۆچوونی ئێوە چییە؟ گوتم قوربان ئەو بڕیارەی کە دراوە بە پێچەوانەی بەرژەوەندییەکانی مەملەکەتە. گوتی، " چۆن"؟ گوتم ئەگەر تیکانتەپەیان بدەینێ ئەوە واتە سەردەشت و بانە و سەقزیشمان داوەتێ. تیکانتەپە لە پشتەوەی ئێرە هەڵکەوتووە ، ئەگەر ئەوان بێن ئەوێ بگرن ئیدی ئەو [ شارانەش] ئێتر ناتوانن چالاکی بکەن.ڕێگایان دەگیرێ. گوتی، " زەنگان گرینگترە یان تیکانتەپە؟" گوتم لە چ ڕوویەکەوە دەفەرموون؟ لە ڕووی حەشیمەتەوە، لە ڕووی مادەی خواردەمەنییەوە بەڵی دیارە زەنگان. بەڵام لە ڕووی ستراتێژی و نیزامییەوە تیکانتەپە لە گەڵ زەنگان هەر بەراورد ناکرێ. گوتی، " ئێستا ئێوە دەڵێن ئەو کارە بە مەسڵەحەت نییە؟" پێم گوت نەخێر بە مە سەڵەحەت نییە و لە بەر ئەو هۆیە، ئەمە نەخشەکەیەتی قوربان. خۆ من ئەم نەخشەیەم نەکێشاوەتەوە. ئەوە نەخشەی ناوچەکە و هەڵکەوتە جوگرافیایەکەیەتی. گوتی، " زۆر باشە".

بیرەوەرییەکانی سەرلەشکر فەزلوڵای هومایوونی

گێرەرەوە: تیمسار فەزلوڵای هومایوونی

بەرواری وتووێژ: 5ی ئۆکتۆبری 1984

شوێنی وتووێژ: لەندەن – ئینگلیستان

وتووێژکار: حەبیب لاجەوەردی

کاسێتی ژمارە : 6

گوتی، " ئەو قسەیەی لێرە دەیکەم نابێ لەم دیوە بچێتە دەرێ." گوتم  بە لێبراوی". گوتی، " ئەوانە زەنگان دەدەن بە ئێمە بەو مەرجەی کە ئێمە تیکانتەپەیان بدەینێ. نوێنەری قازیی محەمەد دێتە لای ئێوە بۆ تەحویل وەرگرتنی تیکانتەپە. ئێوە پێی بڵێن کە بەڕێز ئێمە لەوێ چەک و چۆڵمان هەیە، تەشکیلاتمان هەیە دەبێ 15 ڕۆژمان مۆڵەت بدەن تا ئێمە بتوانین ئەوانە ڕاگوێزین و بیان کێشینەوە. ئێمە لەماوەی 15 ڕۆژ دا زەنگان  داگیر دەکەین و پاشان تیکان تەپەش با لە بەر دەست ئێوە دابێ."

هیچ  ئیدی، هاتین. هاتینە سەقز و ڕۆژی دواتر  دیتم کە برای قازیی محەمەد نامەیەکی ناردووە کە ئەمن دەمەوێ بە پێی فەرمانی جەنابی ئەشرەف [ مەبەست قەوامولسولتەنە سەرۆکوەزیری ئێرانە. ح،ق.] چاوم بە فەرماندەی لەشکر بکەوێ. گوتم بەڵێ ئێمە ئامادەین تەشریف بێنن بۆ سەقز. هات. ئەفسەرێکمان نارد چوو لە سێ کیلۆمیتری و هێنای. گوتی، " بەڵێ وا بووە، وا بووە ، ئاوا بووە کە ئێوە دەبێ تیکان تەپە تەحویلی ئێمە بدەن. گوتم بەڵێ فەرمان گەیشتووەتێ. بەڵام ئێوە وەک دەزانن ئێستا ئێمە لە وێندەرێ هێندێک هێزمان لەوێ کۆ کردووەتەوە، ئێستا لەوێ هەنگێکی سوارەمان هەیە، ئێمە ڕزقی ساڵێکمان لەوێ کۆ کردووەتەوە، لەوێ چەکو چۆڵ هەیە، تەشکیلات هەیە ، ئەوێ دەستەیەکی تۆپخانەی لێیە . ئێمە چ لەوانە بکەین  و ئێستا چۆن هەڵیان گرین بیانهێنین؟ ئێمە دەبێ وورد ووردە ئەوانە بکشێنینەوە و ئەگەر ئەوەمان کرد ئەو دەمی ئێوە وەرن.

گوتم لانی کەمی کەم  15 ڕۆژی پێ دەچێ. گوتی، " زۆر باشە کە وا بوو منیش هەر وا." گوتم بەڵێ. فەرمووو ئەوە فەرمانیش گەیشتووەتێ بەڵام چلۆنایەتییەکە ئاوایە کەباسم کرد.

ئیدی ڕۆیی. و ڕۆیی و جارێ بابەتەکە ئاوا کۆتایی پێ هات. هێزەکانمان چوونە زەنگان. ڕووسەکان نەیاندەهێشت هێزی ئێمە لە قەزوێن بەرەوپێشتر بچێ. بەو شێوەیە نەیروو لە قەزوێنەوە چوو بۆ زەنگان. لە قەزوێنەوە کە هێز چوو بۆ زەنگان دەبینین تێلگرافیان کرد لە ستادی ئەرتەشەوە کە ئەعلاحەزرەت دەفەرموون ئێوە [هومایوونی] بە فڕۆکە وەرن بۆ زەنگان. هەستام چووم . دەبینم ئەعلاحەزرەت و ڕەزم ئارا نەخشەی ستادیان لە سەر مێز لێک کردووەتەوە . گوتیان باشە هومایوونی ئێوە وەزع و هەڵکەوتی یەکەکانی خۆتان لێرە دا نیشان بدە. منیش لە ڕووی نەخشەکە بۆم ڕوون کردنەوە، عەمەلییاتم نیشان دا کەچمان لە بەرانبەر دایە. جا ئەگەر ئێوە ئەمڕۆ بجووڵێن بەرەو ئازەربایجانی باکووری بۆکان و میاندواو و مەهاباد چ دەکەن؟ گوتم هیچ ئێمە فەرمانی ئەستوونی جووڵە ئەنجام دەدەین. ئەوەش بەم شێوەیە و ئەو شێوەیە دەکەین. گوتییان، " چ شتهایەک پێشی پێگرتوون" گوتمان لەمپەری زۆرمان لە سەر ڕێیە. ئەوە لێرە لە پێشمان بارزانییەکانن. بارزانی بۆخۆی هەشت سەد تفەنگچی هەیە، ئەوە حەمە ڕەشید [ مەبەستی حەمە ڕەشید خانی قادر خانزادە یە. ح.ق.] لەوێ 145 نەفەر تفەنگچی هەیە. لەم تیکانتەپەیش لەو بەری مابین بولاغ ئەوانە نیزیکەی 1400 نەفەر تا1500  نیزامی لەوێ سەنگەریان لێداوە لە شاهین دژ و لەوێن. جگە لەوە هێزی هەواییشمان هەیە و وەڕێ دەکەوین. گوتی، " زۆر باشە." ئەوەم عەرز نەکردی .سەفەری پێشووتریش ئەمن چوومە تاران بۆ دانی ڕاپۆرتی ناوچە چوومە لای قەوامولسەلتەنە و سەبارەت بە مەسەلەی ژاندارمەری گوزارشتم دا. گوتم بەڕێز ئەو هەنگی ژاندارمەرییەی ئێوە لە کوردستان لە ڕووی ژمارەوە یەک لە سێی لە ڕێکخراوەکەی دا هەیە و دوو لە سێی کەمە. بۆ تێهەڵێنانەوەی ئەوە ئێمە دەبێ لە تاکوتەرای خۆجێیی کەڵک وەربگرین، دراویان بدەینێ کە دڵنیام چەکیان بدەینێ کە ئەوانە ئەرکی ژاندارم بەجێ بێنن. قەوامولسەلتەنە گوتی، " قسەکانی ئێوە قەبووڵ دەکەم بەڵام ئەو شوارتسکۆفە ئەمەریکاییە، ڕاوێژکاری ئەمەریکایی دەبێ لەگەڵ ئەو کارە موافەقەت بکا". بانگی سەرۆکی ئافیسەکەی خۆی کرد ، کە ئەویش ناوی قەوام بووم و پێی گوت ڕابسپێرە بۆ بەیانی سەعات 8 سەرۆکی ژاندارمەری و شوارتسکۆف و  سەرۆکە ستادەکەی بێنە ئافیسی من. بە منیشی گوت " سبەینێ سەعات هەشت وەرە"، دیسان بۆ

بەیانییەکەی ڕا چوومەوە ئافیسی قەوامولسەلتەنە گوتی" هومایوونی وا بزانم بابەتێکت هەبوو بیڵێی ؟ ئەمنیش مەسەلەکەم شی کردەوە ، قەوامولسەلتەنە لە سەرۆکی ژاندەرمەری پرسی ئێوە دەڵێن چی؟ بۆچوونی ئێوە چۆنە؟ سەرۆکی ژاندارمەری گوتی، گوڵ پیرای سەرۆکی ستاد قسەکانی بۆ شوارتسکۆف وەردەگێڕا، قوربان، شوارتسکۆف گوتی ، " نا نا ئێمە ناتوانین ئیدارەیەک یونیفۆرمی هەیە و ئێمە ناتوانین بڵێین کە تەنێ بە تاکوتەرای بێ یونیفۆرمی نیزامی بچینە ناو." گوتم بەڕێز ئەوە هەلومەرجێکی فۆرس ماژۆر (نائاسایی) یە ، کاتی یە ئێوە کە هەتا ئێستا نەتان توانیوە هەنگەکەتان تەکمیل بکەن، هەر کاتێک توانیتان نیزامی پەروەردە بکەن بیانێرن، ئێمەش هەر بە هەمان ڕێژە تاکوتەرای خۆجێیی دەر دەکەین. گوتی، " من موافەقەت ناکەم ." هەرچی گوتمان گوتی، " موافەقەت ناکەم." قەوامولسەلتەنەش گوتی، "ئێوە ئەو بابەتەتان نووسیوە؟" عەرزم کرد قوربان بەڵێ شەرحێکم نووسیوە و لە خزمەت بەڕێزت دایە. تەماشای کرد و لە بنی نووسی، " فەرمان دەدەم بە فەرماندەی ژاندارمەری دەستبەجێ ئەو کەسرییەی ژاندارمی سنە بە پێی بۆچوونی ئەوان [ هومایوونی] تێهەڵبێنێتەوە و خەڵک دەبەر کار بنێن."

پرسیار: قەوامولسەلتەنە لە ژێر گوزارشی ئێوە دا فەرمانی بە نووسراوی دا؟

وولام: بەڵێ، ڕاوەستە. بە فەرماندەی ژاندارمەری گوت ، ئاغا دەستبەجێ ئعتباراتی بوودجە بنێرن بۆ سنە و لە ژێر چاوەدێری هومایوونی دا ئەو کەسانەی ئەو بە شیاویان دەزانێ ڕابگرن، دراویان بدەنێ، تفەنگیشیان بدەنێ." هەستا لە ژوورەکە وەدەر کەوت، هیچ ئیدی. ئەو شوارتسکۆفە بوو بە مڵە و، دیارە ڕاستی دەکرد ئیتر، ئەو لە هەلومەرجەکە تێ نەدەگەیشت. ئەو هەستا ڕۆیی و ئێمەش ڕۆیشتین. ئەو کارە لە بەرەو پێشبردنی کاری ئێمە دا [ بە کەلک دەبوو]، چونکە ئێمە نیزیکەی هەزار و سێسەد چوارسەد کەسی چەکداری مووچەخۆر کاریان بۆ ئێمە دەکرد و لە کارەکان دا پێشکەوتن [ هەبوو]. بە کورتی ئەعلاحەزرەت لە زەنگانەوە چووەوە تاران و ئێمەش گەڕاینەوە بۆ سەقز و دوای 48 سەعات حوکم هات. باشم لە بیرە ڕۆژی عاشووڕاش بوو، " ئێوە ئەو ژمارە فڵانە فەرمانەی کە دراوە چێ بە جێ بکەن." واتە هەر ئەو گەڵاڵەیەی کە خۆمان دابوومانێ بەڕێوە بەرن.
بەندە چوومە تیکان تەپە و بە ستوونێکەوە جووڵاین بەرەو شاهین دێژ و سەرتیپێکیشمان هەبوو، ئەویشمان بە ستوونێکەوە بەرەو بۆکان نارد و بەرەو سەرا و بە ستوونی سەردەشتیشم ڕاگەیاند بەرەو مەهاباد وەرێ کەوێ. کاتێک لە مایین بوڵاغ کۆ بووینەوە ئاگادار کراین کە ئەوانە هێندێک سەنگەریان هەڵ کەندووە و سیم کێشی تەلەفونیان کردووە و تەشکیلاتێکی ڕێک و پێکیان هەیە. یەکێک لە خانەکانی خۆجێیی هات و گوتیان دەیەوێ چاوی پێت بکەوێ.
پرسیار : کێ دەیەویست؟ یەکێک لە خانەکان؟

وولام: بەڵێ ئیتر. هات و سڵاوی کرد، پێم گوت فەرموو دانیشە. گوتی ، " دەکرێ من خۆم بناسێنم." گوتم بەلێ. گوتی، " من یەکێک لە شەرانیترین تاکوتەاری ناوچەم" گوتم : دەی چاومان ڕوون. گوتی، " زۆریش قاچاغم" زۆر باشە. " بەڵام ئێستا دەمەوێ خزمەت بکەم . گوتم چۆن؟ گوتی " ئەگەر ئێوە دەستە سوارێک لە بەر دەست من بنێن لەو ڕێگایەی ڕا کە خۆم پێی دەزانم ئەوانە دەبەمە پشتەوەی نەیرووی پیشەوەری. لە شاهین دێژ ئەوانە سەنگەریان لێ داوە لە بەرانبەر ئێوە. ئەمن دەتوانم ئەو دەستەیە بەرمە لای پشتەویان بە بێ ئەوەی هەستی پێ بکەن.گوتم باشە من بیری لێ دەکەمەوە و دوایە بڕیار دەدەم. بەندە لە دووی ئەفسەرەکانم نارد . لە پێشدا بیرمان لێ کردەوە باشە بە چ متمانەیەک ئێمە بێین دەستەیەک سوار لە بەر دەست ئەو کەسە بنێین؟ هاتوو ئەوە کەڵکێک بێ. پاشان لێمان کۆڵییەوە و وەزعییەتەکەمان هەڵسەنگاند و قسەمان لێوە کرد و بۆمان دەرکەوت وەک دەڵێن کابرا ئینسانێکی لۆتی سیفەتە .
پەڵێکمان لە بەر دەست نا، وەرێ کەوت و چوو. ئێمە چاوەڕێمان دەکرد. لەویش دووندی شاخێکمان لێوە دیار بوو ، وامان دانابوو ئەگەر گەیشتنێ لەوێ ئاور بکەنەوە بۆ ئەوەی ئێمە پێی بزانین. ئێمەش ئەو دەمی هێزی خۆمان بردە نیزیک [ کوێستانی] مایین بوڵاغ و لەوێ دامان مەزراندن. تا ئەوەی کە زانیمان ئەوێ گیراوە . بە یەکەم ئاوری تۆپخانە چەند تیری تۆپمان هاویشت و یەکەکان دەستیان کرد بە پێشڕەوی . ئەوانیش تەقەیان کرد و چوار پێنج نەفەرێک بریندار بوون بەڵام لە پڕ لە پشت سەریانەوە پەلەکە بە موسەلسەل دایگرتن، ئەمن دیتم ئەوە پاشەکشە دەکەن و لە پڕ گشت ئەو چەکانەی کە بۆ خەتی ئیستیحکاماتی خۆیان پاشەکەوتیان کرد بوو بۆ ڕۆژی مەبادا هەموویان لێ بەجێ ما و پاشەکشەیان کرد ئێمە کە گەیشتینێ، سەربازە وەزیفەکان لە جێی خۆیان نەجووڵان، هەموو بەرگی سەربازیان دەبەر دابوو. لەشکری ئەوێیان بریتی بوون لە ئەفسەر و دەرجەدار و هێندێک لە خەڵکی خۆ جێییش ئامادەییان نیشان دابوو کاریان لە گەڵ بکەن. هیچ ئیدی 1600 کەس لەوانە بە تەقەیەکی کەم کە باسم کرد بە سێ چوار بریندارەوە گیران.

پرسیار: لەوێ

وولام : بەڵێ

پرسیار: 1600 کەس؟

وولام: 1600 کەس تەسلیم بوون.

پرسیار: تەسلیم بوون؟

وولام: تەسلیم بوون. کاتێک پشتیان لێ گیرا و نیرووی ئێمە خەرێکی پێشرۆیی بوون تەسلیم بوون.

ئێمە هاتینە سەر هێڵی هەلوێست و شەوێ لەوێ ماینەوە. بۆ بەیانییەکەی ڕا بەرەو شاهین دێژ چووین. لە شاهین دێژ، هەڵبەت بە ڕێگا دا کە دەڕۆیشتیین لە لادێکان هەموو کەس چەکدار بوون و هەر یاشاسن یاشاسن یان بوو .

پرسیار: یانی چی؟

وولام: یاشاسن

پرسیار: یانی ؟

وولام: یاشاسن بە قەولی تورکەکانی خۆیان. واتە پەسنیان دەداین. هیچ ئیدی ئێمە گەیشتینە شاهین دێژ. لە شاهین دێژ گوردانێکی پیادەمان بە ماشێن وەڕێ خست بەرەو میاندواو. دیتمان کە،من خۆم لەگەڵ ئەو گوردانە بووم، هەنگی سوار و هەنگی پیادە لە دواوە دێن. ئێمە لە پێشەوە بووین. کاتێک گەیشتینە نێزیک میاندواو دەبینین ئاغا نیزیکەی هەشت سەد نۆسەد کەس ئینسان لە سەر تەپۆڵکەکان کۆ بوونەتەوە. ئێمە لە پێشدا لەبەر ئەوەی ئەوانە چەکدار بوون پێمان وا بوو دەیانەوێ دەست بکەنەوە. کامیۆنێکی نیزامیمان خستە پێشەوە . دوایە بینیمان نا، ئەوانە هەموویان ئاڵای سپی یان بەرز کردووەتەوە. نیزیک بووینەوە دیتمان بەڵی ئەوانە خەڵکی خۆجێیی ن چەکیشیان هەیە بەڵام تەسلیم بوون و هیچ خۆڕاگرییەکیشیان نەکرد. بەڵی گەیشتینە سەرەتای میاندواو واتە کارخانەی قەندی میاندواو، گەیشتینە ئەوێ .
موهەندیس کووششی برای سپەهبوود کووششی سەرۆکی کارخانەکە بوو، گەیشتینە گوتمان، خەبەر و باس ئاغای کووششی، گوتی هیچ قوربان، کارخانەکەمان دە مەترسی دایە. لێم پرسی بۆچی؟ گوتی،" قوربان نیزیکەی شێست کەس ئاسووری هاتن و لە سەربانی کارخانە خۆیان دامەزراند. گوتم بۆچی؟ گوتی، " گوتیان ئەگەر هەرکەس بێ ئێمە لێی دەدەین،" ئەو ئاسۆرییانەش هەری شەڕانین و فڵان و فیسارن." گوتم باشە تۆ دەڵێی ئێمە دەبێ چ بکەین؟ گوتی، " هەر چۆنێک بێ دەبێ متمانەیان بدرێتێ" گوتم باشە متمانە. ئەتۆ هەستە بڕۆ و پێیان بڵێ بێن و خۆیان ڕادەست بکەن چەکەکانیان بدەن و هیچ کارمان بە کاریانەوە نییە. چوو و هاتەوە و گوتی، " نا قوربان ئەوانە دەڵێن ئێمە ناڕۆین. قوربان ئەوانە نیزیکە یەک دووهەزار لەو بۆمبە دەستییانەیان هەیە." بۆمبی دەستی چییە؟ گوتی، " ئەوان شووشەی ڕۆن یان دانێ بۆ ئەوەی هەر کاتێک بیانەوێ ، تەنانەت لە تانکیشی بدەن، ئەو شووشە دەشکێ و ڕۆنەکە بڵاو دەبێتەوە، بۆمبەکە لەوێ بدە، گوتم ئێستا باشە ئەوە بە جێی خۆی چەکیشیان هەیە. گوتی، " بەڵێ قوربان چەک و چۆلیشیان بردووەتە ئەوێ ، هەموویان چەکیان هەیە.: گوتم باشە هەیانە، ئێستا چی؟ تەسلیم دەبن یان نابن؟ گوتی، بەڵێ قوربان نابن دەڵێن مۆڵەتێکمان بدەنێ و فڵان. دوو تۆپ لە کامیۆنەکان دابوون دامانگرتن و گوتمان بیانبەینە نێو کارخانە و میچی کارخانەی پێ داگرین، سێرەی لێ بگرین. هەتا تۆپەکانیان هێنا و لوولەکانیان ڕەوانە کرد و موهەندیس هات و گوتی قوربان، " ئیجازە بدەن بەندە بچم دیسان لە گەڵ ئەوانە بدوێم". باشە بچووە و قسەیان لە گەڵ بکە. چوو و بە دەستی خاڵی گەڕاوە. دەێ چ بوو موهەندیس؟ گوتی، " قوربان مۆڵەتیان دەوێ." گوتم ئاغا گیان شەو کە دابێ ئیدی ئەو دەمی ئێمە چاومان نابینێ دەی ئەوانە ڕەنگە وەدەر کەون یان هەر کارێکی بیانەوێ بیکەن بۆیە ئەو کارە دەبێ بەر لە تاوپەڕان بکرێ. بە تۆپخانەکەم گوت تەقە بکەن. تۆپخانە دەستی کرد بە تەق و تۆق.

پرسیار: کام کارخانە؟

وولام: کارخانەی قەند

پرسیار: نیگەران نەبوون لەوەی کارخانەکە تێک بڕووخێ و لە نێو بچێ؟

ووڵام : نا بە تۆپچییەکەم گوت نیشانە لە سەردەرانەی کارخانەکە، سەری دەروازەکەی کارخانەکە بگرێ. تەق و تۆق دوو بۆمبیان هاویشت، بای دەهات. دیسان موهەندیس چوو، چوو و گوتی، قوربان هێندێکیان ئامادەن بێنە دەرێ و هێندێکیان ئامادە نین." گوتم ئاغا گیان ئەوانەی ئامادەن با بێن و ئەوانەش کە ئامادە نین بە گۆڕی بابیان دەمەوێ.... و چوو و  دیتم حەوت هەشت کەسێک هاتن.
وورده ووردە هەموویان هاتن، هەموویان هاتن و چەکەکانیان رادەست کرد. گوتمان باشە سەرانیان کامانەن؟ چوارکەسیان لە سەرکردەکانیان بوون. گوتمان با ئەو چوار کەسە بمێننەوە دەمانەوێ لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەین  بەڵام کارمان بە ئەوانی دیکە نییە. هاوکات گوتمان با بچینە تێلگرافخانە بزانین پێوەندی لە گەڵ کوێ هەیە. هێزی ئازەربایجان گەیشتووەتێ؟ نەگەیشتووە؟  چووینە تێلێگرافخانە، تەلەفونخانە. لەوێ پرسیمان پێوەندیتان لە گەڵ کوێ هەیە؟ گوتی قوربان  لە گەڵ هەموو جێیەک؟ گوتم لە گەڵ تەورێز چۆن؟ گوتی بەڵێ پێوەندیمان لە گەڵ مەهابادیش هەیە. گوتم باشە تەلەفونی قازیی محەمەد بگرە قسەی لەگەڵ بکەین. تەلەفونی قازیی محەمەدی گرت . ئاغای قازیی محەمەد؟ " گوتی ، بەڵێ، بەڵێ ئێوە کێن؟ " گوتم من سەرتیپ هومایوونی  فەرماندەی لەشکرم. " گوتی، ئاغا سەلامون عەلەیکوم.  گوتم، " سەلامون عەلەیکوم ئاغا" گوتی، " ئاغا ئێوە لە کوێن؟" گوتم ئاغا میاندواو. " ئێوە ئێستا لە میاندواون؟ " گوتمان بەڵێ ئاغا، میاندواو  داگیر کراوە ئێوە فەرمایشێکتان هەیە؟ گوتی، " ئێستا تەکلیف چییە؟ ئێمە بۆ قەراردادی ئاشتی دەبێ بێینە کوێ؟ " گوتم  هەر ئێرە، میاندواو.

پرسیار: خۆ هێشتاکەس هێرشی نەکردبوونە سەری؟

ووڵام : نا ئەو مەهابادە لە دواوەیە، دەیەوێ قەراردادی ئاشتی ئیمزا بکا. پرسی " بێینە کوێ"؟ گوتم هەر ئەم میاندواوە. گوتی، " کە وابوو من ١٥ کەس نوێنەر دیاریی دەکەم بێن بۆ بەستنی قەراردادی ئاشتی." گوتم ئاغا بفەرموو بابێن. کە وابوو با کەسێک بێ لە ڕێگا لە گەڵیان بێ بۆ ئەوەی موزاحەمەتێک نەبێ." گوتم زۆرباشە من ئەفسەرێک دەنێرم، ئێمە ئەفسەرێکمان نارد. دوایە هێندەی پێ نەچوو کە دیتمان ئاغا سێ ئۆتۆمۆبیلی سەواری شیک ئەوانەی هێنا. چەندێکیان جلوبەرگی فلانیان دەبەر دابوو و ئەمنیش دەمانچەم بە قەدەوە بوو. وەزیری شەڕەکەشیان هاتبوو، ئەو سەیفی قازی یەکە، ئەم و ئەو  دانیشتن و چامان بۆ بانگ کردن و خواردیانەوە، دەی فەرموون ئاغا فەرمایشتتان چ بوو؟ گوتی، " ئاغای قازیی محەمەد گوتیان کە هەر جۆرە ڕەشنووسی قەراردادی  ئاشتی نێوان ئێوە و کوردستان بەرقەرار بکەن". گوتم چ قەراردادێکی ئاشتی؟ مەگەر ئێوە ڕەعییەتی دەوڵەتی ئێران نین؟ گوتی، " بۆچی". گوتم هێزەکانی ئێران هاتووەتە ناو  ناوچەی خۆی، لە گەڵ کێ قەراردادی ئاشتی ئیمزا بکا؟ خۆیان کۆ کردەوە، تا ئێستا دانیشتبوون. گوتم دەوڵەت لە گەڵ کێ قەراردادی ئاشتی ببەستێ؟ داخودا دەوڵەت لە گەڵ ڕەعییەتی خۆی قەرارداد دەبەستێ؟ بڵێ ئاغا گیانی عەزیزی من چاوپۆشی لە ڕابردووتان دەکرێ بەو شەرتەی پەل نەبزێون و تەسلیم ببن دەنا ڕاوەدوو دەنرێن. دانیشتن و چاییان خواردەوە. گوتی، " ئیزن دەفەرموون؟" گوتم بەڵێ فەرموون. گوتی، ئێمە ئازادین؟ " گوتم بەڵێ ئازادن. هیچ ئیدی سواری ئۆتۆمۆبیل بوون و بەو چەک و تەرتیباتەوە گەڕانەوە لای قازیی محەمەد. دەی ئێمەش دیتمان ئەوە لە هەموو لایەکی شارییەوە دەنگی تەقە دێ. چییە؟ چ باسە؟ گوتیان ئەوانە خەڵکن خەریکن تەقەی خۆشی دەکەن. زۆر باشە، گەڕاینەوە، گەڕاینەوە بۆ ئەوەی پاشماوەی کاری کارخانەی قەند تەواو بکەین. لەو دەمە دا دیتمان سەری ئیسوارانی هەنگی سوارەنیزام بەر بووە و یەکەکان ئەوە خەریکن دێن. دەی ئەوە هێزی قەلبی بوو بۆ ئێمە.ئێمە بە ژمارەیەکی کەمەوە لە شارێک دا کە هەموویان چەکدار بوون و داخودا ئەو وەزعەی کوردستان چی لێدێتەوە. دەی هێزەکان کە هاتن شوێنی نەبەردمان دیاریی کرد گوتمان ئیسوارانێک بچنە سەر ڕێگای مەهاباد، ئیسوارانێک لە سەر شوێنی ...

پرسیار: فەرماندەی هێزەکانی دی کێ بوو؟

ووڵام: چی؟

پرسیار" ئەو هێزانەی دیکەی کە دەهاتن؟

ووڵام: نا، فەرماندەیی ئەوە بە دەست ئێمە خۆمان [هومایوونی] بوو، ئەوە هەر ئی کوردستان بوو ئەوە هێشتا. لە ئازەربایجانەوە هێشتا هێزەکان نەگەیشتبوونە ئازەربایجان. ئێمە تەقریبەن 24 سەعات زووتر لەهێزەکانی ئازەربایجان گەیشتینە ناوچەی کوردستان.

پرسیار: فەرماندەی ئازەربایجان کێ بوو؟

ووڵام: فەرماندەی ئازەربائجان ئاغای شت بوو ئیتر، سەرلەشکر زەرابی بوو لە گەڵ هاشمی. سەرتیپ هاشمی، میرهاشم خانی هاشمی کە بۆخۆی ئازەربایجانی بوو بۆ ئەو کارە زۆرخزمەتی کرد. هەڵبەت فەرماندەی ستوون هەمان هاشمی بوو.

عەرز بکەم بە حزووری موبارەکتان ئیسوارانێکمان نارد بەرەو مەراغە و ئیسوارانێک بەرەو مەهاباد و ئیسوارانێکیش بەرەو بۆکان و بە پاشماوەی ئەفسەران و نەفەراتیشمان گوت لە حاڵی ئامادەیی دا بن. دیسان چووینەوە تێلگرافخانە، دەبینم لە تێلگرافخانە قازیی محەمەد دیسان لە ئێمە گەڕاوە. پێوەندیم لەگەڵ کرد،فەرمایشتان چییە ئاغای قازیی محەمەد؟ گوتی، " ئەمن نازانم ئێمە دەبێ چ بکەین؟" گوتم ئێوە دەبێ بێن و ئەگەر قسەیەکتان هەیە بە حزووری بیهێننە گۆڕێ. گوتی، " تەئمین دەدەن"؟ گوتم بەڵێ. گوتی، " کە وا بوو من لە گەڵ ئاغای حاجی بابە شێخ سەروکوەزیر بەیانی دێین". گوتم تەشریف بێنن. تەشریف بێنن قسە بکەین. گوتم خوداحافیز و تەلەفوونەکەم داخست. و هاتین و چووینە کارگەی قەند . هاتینە کارگە و فەرمانی کارەکانمان دا و دامەزرانی بەشەکان و لە کوێ و کوێ. ئاغا نیوەشەو بوو دیتمان لە لای بۆکانەوە دەنگی تیرهاویشتن دێ. تەق و تۆق و فلان. سواری جیپ بووین چووین، دیتمان ئاغا بەڵێ ئەوە گوردانێکی پیادەیە کە پیشەوەری ناردوویە بۆ یارمەتی قازیی محەمەد، لە نیوەی ڕێگا بیستوویانە کە ستوون ئەوە لە لای سەراوە دێ بەرەو بۆکان. ئەوانە لە نیوەی ڕێگاوە گەڕانەوە. ئێستا تووش هاتبوون. تەقەیان کرد ، دوو کەس نیزامی گوشیان بەر کەوت و یەک لەوانەی گوللەی بەر کەوتبوو تەسلیم بوو . کاتێک هاتن ئاغا ئەوانە گوردانێکی نیزامی تەواو بوون،گرووهانەکەیان موسەلسەیان باری ئێستران کرد بوو و موسەلسەکانیش قورس بوون، لە هەمان کات دا یەکەیەکی تەشکیلاتی نیزامی بوون. ناردم بە دووی فەرماندەی گوردانەکە دا گوتم دەی ئاغا چییە؟ گوتی، " بەڵێ قوربان پیشەوەری ئێمەی ناردووە بۆ یارمەتی کردن بە قازیی محەمەد و ئێمەش نەمان کرد بەڵام چووینە فلان جێ و گەڕاینەوە فلان. زۆر باشە،گوتم زۆر باشە. ئەو کارەی کە ئێستا ئێوە دەیکەن ئەوەیە جارێ ئەفسەرەکان لە وەتاغێک دا کۆ ببنەوە تا ئێمە لێپرسینەوەیان لە گەڵ دەکەین. دەرەجەدارەکان لە وەتاغێک دا. سەربازەکانیش ئازادن. بە سەرۆکی کارگەی قەندم گوت ئاغا ئەوانە هەموویان یەکی چارەکێک قەندیان بدرێتێ. موعجیزی گوتی، بەڵێ قوربان قەندمان زۆرە، واتە قەندیان وەرگرت چایی پێ بخۆنەوە. زستانیشە،ساردە. سەعاتێک دواتر دیسان دەنگ و هەرای تازە بەرز بووەوە. دەی چییە؟ گوردانی دووهەمی هەر ئەو ستوونەی کە ڕۆیشتبوو بە دوای ئەو گوردانە دا هاتبوو، ئەوانیش هاتن تەسلیم بوون . ئاغا بەگشتی 1300 کەسی ئەوان تەسلیم بوون بە تەقەیەکی کەم، زۆر کەم. زۆر باشە. هەر ئەو جۆرەی کە لە گەڵ گوردانی یەکەم جووڵابووینەوە لەگەڵ ئەو ئەفسەرانەش هەلسوکەوتمان کرد. بەیانی بووەوە. بەیانی داهات، سەعات پێنج لە خەو هەڵستام چوومە لایان دەبینم سەرباز وەزیفەکان دەگرین.
پرسیار: ئی کێ؟ ئەوانەی کە لە ئازەربایجان ڕا هاتن؟

ووڵام: بەڵێ ئەوانەی کە بە یەخسیر گیران. دەی بۆ دەگری؟ گوتیان کە " قوربان ئێمە سەرباز وەزیفەین، دەزانن کە ئێمەیان بە تۆبزی هێنا و ناردیانینە فلان جێ. ئێستا داهاتووی ئێمە چۆن دەبێ؟ چمان لێ بەسەر دێ؟ گوتم هیچ، داهاتووی ئێوە هیچ. ئێوە دەتوانن بە سلامەت بچنەوە ماڵە خۆتان. دانیشن سەردۆشییەکانتان لە سەر شانتان بکەنەوە تاکوو من ... ئەوانە زۆر خۆشحاڵ بوون دەستیان کرد بە هەڵپاچینی سەردۆشییەکانیان بە مقەست و یەک یەک هەموویان لێ کردەوە. ئێمەش گەشتێکمان لێدا بە نێو یەکەکان دا و دەبینم ئەوانەی کە سەردۆشییەکانیان لێ کردبووە ،پەتووشیان پێ بوو هەڵیان گرتبوو، پێم گوتن پەتووەکانیش بۆ خۆتان، جلو بەرگیش بۆ خۆتان، بەڵام نابێ بە جادە دا برۆن . بە لاڕێ دا بڕۆنەوە بەرەو لادێیەکانی خۆتان. ئاغا باوەرکە ئەگەر بڵێم ئەوانە چەندە شادمانیان کرد هەر نەبێتەوە. من بە خۆم گوت ئەوانە بۆ لێرە ڕابگرین، نە جێیان هەیە ، نە ماڵیان هەیە. لێرە هەموویان نەخۆش دەکەون چیان لێ بکەین؟ جا ئاغا دەستە دەستە.. [ هەموویانمان بەڕێ کردەوە].

پرسیار: نەدەکرا ڕایان بگرن و لە نێو هێز دا بەکاریان بهێنن؟

ووڵام: نەخێر، جارێ هێچیان پێ نەدەکرا، بەو مەعنەویاتەوە کە هەیانبوو چاوەڕوانی کارێکیان لێ نەدەکرا. ئیدی یاڵلا دەستەدەستە چەکمان کردن و مرەخەسمان کردن کە بڕۆن. گشت سەرباز وەزیفەکانمان مەرەخەس کرد. بەڵام دەرەجەدار و ئەفسەرەکانمان ڕاگرت ، کە دەێ وەزعییەت چییە؟ دەڵێن چی؟

لەو ناوە دا قازیی محەمەد تەلەفوونی کرد و گوتی ئەگەر ئەمن تەئمینم هەیە بێم بۆ میاندواو. بۆ خۆی لە گەڵ سەرۆکوەزیرەکەی حاجی بابەشێخ هاتن بۆ میاندواو. دانیشتن و دەستیان کرد بە قسە کردن کە بەڵێ ئاغا بارو دۆخی مەملەکەت وای بە سەر هاتووە، ئاوا بووە و ئاوا کراوە، گوتم بەڵێ. گوتیان ئێستا بیرو ڕای ئێوە چییە؟ گوتم بیروڕای من ئەوەیە کە نامانەوێ براکوژی ببێ، ئێمە دەمانەوێ هێمنی لە مەملەکەت دا دابمەزرێنین. جا لە پێشدا بە هێمنی، بە دەرجەی یەکەم لە سەدا سەد بە هێمنی ، ئەگەر نەکرا ئەو دەمی. قازیی محەمەد گوتی : ' من نیگەرانیم زۆرە، خەوفم زۆرە" گوتم لە چی؟ گوتی " بارزانییەکان گشت کێوەکانی دەورو بەری سەربازخانەیان گرتووە و ئەوانە زیاتر لە سێ هەزار چەکدارن و چەکداری زۆر ئازان ، هێزی عێراقی بەو جۆرەی ... " [ لە دەقی ماک دا ئاوا نووسراوە.ح.ق.] پێم گوتن زۆر باشە ئاغا ئێمە ئەوانە هەمووی دەزانین. ئەوەمان حیساب کردووە، ئەوە حیساب کراوە ئەو جار ئێمە هەستاوین هاتووینە ئێرە دەنا دەمانزانی هێزەکەیان چەندەیە، هێزی بارزانی چەندەیە، ئەوانە هەموومان دەزانی. گوتی، " ئێستا بۆچوونی من ئەوەیە بچینە بۆکان کە بتوانین پێش بە دەستدرێژی ئەوان بگرین. گوتم با بچین هیچ کێشە نییە. فەرموون نانی نیوەڕۆ بخۆین پاشان دەڕۆین. بەڵێ ئاغا نانەکەیان خوارد و بەندە لە ماشێنەکەی قازیی محەمەد دا دانیشتم و دەرەجەدارێکمان لە گەڵ بوو و بەرەو بۆکان چووین. نیزیکەی پێنج شەش کیلۆمیتر ڕۆیشتبووین دیتم دووسەد چەکدار هاتنە دەورو بەری ماشێنەکە. قازیی محەمەدیان لە ئۆتۆمۆبیلەکەدا دیتبوو. ئەمنیش لە ڕیزی دواوەی ماشێنەکە دا دانیشتبووم. " هەر بژی حەزرەتی پێشەوا". هەر بژی و دەیان گوڕاند" هاتنە دەوری ماشێنەکە. منیشیان دی کە لەوێ دانیشتبووم، کڵاوی خزمەتم لە سەر بوو و پاڵتۆی بارانی م دەبەر دا بوو، ئەوە سەردۆشییەکانمی داپۆشیبوو و دیار نەبوون و کڵاوی خزمەتم لە سەر بوو و لە گۆشەیەک دا دانیشتبووم. پاشان قازیی محەمەد دەی گوت ، " ئەوە تیمسار فڵانە" و تا دەیگوت تیمسار ئەوانە هێندێک خۆیان کۆ دەکردەوە کە داخودا تەکلیفی ئێمە چ دەبێ؟ گوتی ڕاوەستن وەزعتان ڕوون دەبێتەوە، هەر ئاوا تووشی دوو سێ دەستەی دیکە هاتین تا گەیشتینە بۆکان. کاتێک گەیشتینە بۆکان دیتمان هەوا تاریک داهاتووە، لە پڕ دیتم " قولێنگ" ؟ [لە دەقی ماک دا هەر ئاوا نووسراوە . ح.ق.] نیزامییەکانی ئێمەش گەیشتنێ. ئەمن لە ماشێنەکە هاتمە خوارێ و ئاشنا[بوون]. دیتم بەڵێ سەرباز و نیزامی هاتوون. لە ڕاستیدا جادەکانیان خستبووە ژێر کۆنترۆڵەوە. فەرماندە لە کوێ یە؟ گوتیان، " فەرماندە لە نێوەڕاست شارییە." چووین، چووینە بۆکان دیتمان لەوێ حەوزێک هەیە و فەرماندەی تیپ سەرتیپ بیگلەری لەوێیە، ئەفسەرەکانیش لەوێن و هێندێک کەسیش لە تایفەی بابەک ئاغا [ دەبێ مەبەست بایز ئاغا بێ،ح.ق] ، مەحموود ئاغا کە خزمەتگوزار بوون، هەرچۆنێک بێ هێندێکیان خزمەتگوزار بوون، ئەوانیش لەوێ ڕاوەستا بوون. قازیی محەمەد هاتە لایان، قازیی محەمەدیان دی ، دەستی قازیی محەمەدیان ماچ کرد و فڵان و فیساریان کرد. پێنج دەرییەکی لێ بوو. قازیی محەمەد گوتی، " با بچینە ئەو سەرە لەوێ چاییەک مەیل کەن." چووینە سەرێ دانیشتین چایان هێنا و خواردمانەوە. قازیی محەمەد گوتی، "قوربان خۆ ناکرێ بۆ شەوێ لێرە بمێنینەوە، موافقەت بکەن با بچینە حەمامیان." گوتم حەمامیان لە کوێ یە؟ گوتی، " حەمامیان لێرەوە نیزیکەی ١٤ کیلومیترە، ماڵی حاجی مەحموود ئاغایە، ئەوێ جێگەیەکی ئاسوودەیە، لەوێ دەکرێ ئیستراحەت بکەی و لەو قسانە،" گوتم زۆر باشە، بۆ ئێمە ئیستیراحەت چ گرفتی نییە لە هەر کوێ بێ ئیستیراحەت دەکەین و چ گرفتی نییە بەڵام بەیەکەوە دەچین. بۆ ئەوێش ماشین سەواری دەرناچێ با بە ماشێنی جیپ بچین. چووین، چووینە بەر دەرگای ماڵی حاجی مەحموود ئاغا کە گەیشتینێ لە پڕ ڕا دیتمان پەنجا کەسێک لە نێو دییەکەوە هاتنە دەرێ و جاجی مەمەحموود ئاغا بۆخۆشی. حەزرەتی پێشەوا و بژی حەزرەتی پێشەوا، کە ئێمەیان دی، برێک کشانەوە و ئێمە چووینە سەرێ. چووینە سەرێ و دیتمان پەنجەرەیەکی گەورەی لێیە و هێندێک کەس نیزیکەی پەنجا کەس لە سەرۆک عەشیرەتەکانیش لەوێ دانیشتوون. لە گەڵ قازیی محەمەد و بابە شێخ چووینە ژوورێ. ئێمە (من) دوای ئەوان چوومە ژوورێ و چاک وخۆشیم کرد لە گەڵ ئاغاکان و فڵانی و فڵان و دانیشتین و دیتمان لەوێ ڕادیۆیەکیش لە سەر تاقەی دیوەکە دا هەیە.

دانیشتین و چاییان هێنا گوتمان باشە ئاغا ئەو ڕادیۆیەیە هەر بۆ ڕازاندنەوە لێرە داندراوە یان لە ڕاستیدا کەلکیشی لێ وەردەگیرێ. گوتی، " نا قوربان باتری هەیە و کار دەکا". گوتم دا ئێستا بیکەنەوە. تا ئاغا پێچی ڕادیۆیەکەی کردەوە

گوتی، " ئەمڕۆ قازیی محەمەد لە گەڵ حاجی بابە شێخ خۆیان بە سەرتیپ هومایوونی ناساند." من گوتم ئاغا پێچی ڕادیۆکە داخە بابە گیان. ئەوە ڕادیویە دەیەوێ لە قسە ئاساییەکانی خۆی بکا.

پرسیار: ئەوە ڕادیۆی کوێ بوو؟

ووڵام: رادیۆی تاران. ڕادیۆی تاران بوو. گوتی، " قازیی محەمەد و حاجی بابە شێخ خۆیان بە سەرتیپ هومایوونی ناساند". قازیی محەمەد و حاجی بابەشێخ [ بەو خەبەرە] زۆر ناڕەحەت بوون. ئەمن گوتم ئاغا لە ڕادیۆ گەڕێ دای خە، ئەوە لەو دەنگوباسانەیە کە هەمیشە بڵاوی دەکەنەوە. شێومان خوارد و چووینە وەتاغەکانمان و بەو بیگلەری یەی فەرماندەی ستوونم گوت کە کاتێک من ڕۆیشتم ئێوە دوو سەعات دواتر هەستن وەرنە لای من. هات و پێم گوت ئێوە بەیانی بەرەو مەهاباد بچن. گوتی، " زۆر باشە." گوتم لە تەواوی ئەو هێزەی هەتە هەنگێکی سوارە لە پێشەوە دەنێری و بارزانییەکان بە تەنیشتییەوە [!!] . گوتی، " قوربان ئێمە کە لە سەقزەوە وەڕێ کەوتین بارزانییەکان بە درێژایی کیلۆمیترێک پاشەکشەیان کرد. بەڵام گشت ئەو کێوانەی دەور و بەر دە دەست ئەوان دایە و تەقەیەکی زۆریشیان کرد. کامیونێکی چەک و چۆڵمان ئاوری تێبەربوو و کامیونەکە بە تەواوی سووتا، لەوان هەڵبەت. " گوتم زۆر باشە ئەوان لەو پێوەندییە دان، تا ئێستا تەسادوفێک ؟ ' [ ڕووی نەداوە ] ؟ گوتی ، " نا، تا ئێستا پێوەندییەک نەکراوە."

پرسیار: ئەمن نەمزانی بارزانییەکان لایەنگری کێ بوون؟

ووڵام: ها، لایەنگری قازیی محەمەد. بەڵام خۆی ئەو مەلا مستەفایە گوێی نەدەدا ئەو قسانە و خۆی بە زەعیمی کورد دادەنا، مولاحەزە دەفەرموون؟ خۆی کە. لە بناوانەوە ڕووسەکان ئەمانەیان کردبووە گرێدراوی ئەوان [ قازیی محەمەد]، بەڵام لە شوێنی خۆیان مەلا مستەفای بارزانی کە خودانی مەلا [شێخ] چییان پێ دەگوت "خودانی بارزان" ئێستا عەرزت دەکەم.
زۆر باشە، نووستین، بەیانی بەندە سەعات چواری بەیانی هەستام و فەرمانم بە ئەو دا [ بیگلەری !!] ڕۆیشت و ئێمەش برێک ڕاکشاین و سەعات چوار هەستام و ڕووم تاشی دیتم ئاغا دوو کەس لە نیزیکەی بیست قەدەمی وەتاغەکەی پشتەوە ڕاوەستاون. دیسان تەماشام کرد دیتم ئەوە قازیی محەمەدە و کەسەکەی دیکەش حاجی بابە شێخ، چوومە پێشێ گوتم،" ئاغا واوێدەچێ کە ئێوە ئیستراحەتتان نەکردبێ." هاتنە پێشێ، گوتی، " ئێمە لە دوێنێ شەوێوە چاویشمان وێک نەناوە. " گوتم بۆچی؟ گوتی، " لە بەر ئەو خەبەرەی کە ڕادیۆ دای،" گوتم چ خەبەرێک؟ گوتی، " ئەوانە گوتیان قازیی محەمەد و حاجی بابەشێخ خۆیان ناساندووە،" گوتم زۆر باشە خۆیان ناساند. گوتی، " ئێمە زیندانین،" ؟ گوتم کێ گوتی زیندانین؟ گوتم ئێوە ئەلئان تەشریف ببەن. کێ گوتوویە زیندانین. گوتیان، " خۆیان ناساند یانی زیندانین؟" ئەم قسانە چییە ئاغا؟

چووین و چایان هێنا و شیریان هینا و خواردمانەوە. گوتیان تا هەوا ... [ لە دەقی ماک دا وایە] گوتیان زۆر باشە چ بکەین؟ قازیی محەمەد گوتی، " ئێمە رامان وا بوو کە بە ڕێگای ئەو تەنگە دا بچینە مەهاباد بەڵام ئێستا شەو خەبەریان هێناوە کە بەفر تەنگەکەی گرتووە ماشێنی لێ دەرناچێ مەگەر بە ڕێگای میاندواو دا یانی بگەڕێینەوە میاندواو و لە میاندواوەوە بچینە مەهاباد." گوتم باشە هەرچۆنێکتان پێ باشە لەو لایە ڕا دەکرێ بچین با بە کەڵکی بەگزادان دا بچین. ئەگەر کەڵکی بەگزادان بەفر گرتبێتی بگەڕێینەوە میاندواو. گوتی، " بەڵێ" سواری جیپ بووین کە هاتین بڕۆین بەرەو بۆکان ئەوانە تووشی هەنگی سوارە هاتن کە خۆیان لە سەف داوە و خەریکن دەڕۆن. " گوتی ئاغا ئەوانە خەریکن بەرەو کوێ بچن؟ گوتم، هیچ ئەوانە خەریکن دەڕۆن بەرەو ئەو ئەرکەی پێیان ئەسپێردراوە. " گوتم، ڕاسپاردەیان چوونی مەهابادە ئاغا. گوتی، " ئەوانە تەواوی کێوەکانی دەورو بەری مەهابادیان گرتووە واتە بارزانییەکان، ئاغا دەبێتە شەڕ، دەبێتە براکوژی." ، گوتم، " ئاغا گیانی عەزیزی من یان بێن و تەسلیم ببن و چەکەکانیان دانێن یان دەبێ هەرجۆری کە دەکرێ هەنگاو هەڵگیرێ بۆ لابردنیان، جگە لەوە هیچ فاییدەیەکی نییە. ئێمە نامەنەوێ براکوژی بکرێ بەڵام ئەگەر ئەوان دەست بکەن بە تەقە کردن ئێمەش ووڵامیان دەدەینەوە. هەر ئاواش فەرمان درا، هیچ گوێمان نەدانێ هاتینە بۆکان و لەوێ دەستووری تەکمیلیی مان دا سواری ئوتوموبیل بووین لە گەڵ قازیی محەمەد و حاجی بابەشێخ هاتینە میاندواو، نیوەڕۆ بوو ، نانی نیوەڕۆیان خوارد. قازیی محەمەد گوتی " ئاغا تەکلیفی ئێمە چییە؟" گوتم هیچ ئێوە دەتانەوێ چ بکەن؟، گوتی ، " ئیجازە بفەرموون بگەڕێینەوە ( ؟) گوتی، " بەڵێ من بچمەوێ بزانم ئەو ئەفسەرانە چۆنن؟ گوتم بەڵێ تەشریف ببەن چۆنی کە پێتان خۆشە، هەر جۆرێک ڕاحەتترن من موافیقم. قازیی محەمەد و حاجی

بابەشێخ سواری ماشێن بوون و چوونەوە مەهاباد. ئێمەش جەریانەکەمان گوزاریشت کرد بۆ تاران. ئاغا تێلێگرافێک لە ستادی ئەرتەشەوە گەیشتێ، " وەزع بە عەرز گەیشت بووە هۆی داخ و جەخاری ئەعلاحەزرەتی هومایوونی. ئێوە بۆچی قازیی محەمەدتان کە جمهووری ڕاگەیاندووە و ئەم خەتایانەی کردووە بەر دا؟ چ بووە چ بووە؟ بۆچی سەربازی وەزیفەتان مەرەخەس کرد؟ بۆ چی فلانتان... " دیارە ئێمەش وولامان داوە. سبەینێ تێپەڕی و بۆ دوو سبەی ستوونەکان...[ لە دەقی ماک دا ئاوایە. ح.ق.] ئەها قازیی محەمەد بۆ ئێوارێ تەلەفوونی کرد، ئاغا ئێمە گەیشتینە فلان جێ بەلام ئەوانە هاتنە سەربازخانە و گشت پەنجەرەکانی سەربازخانەیان ئاور تێبەردا.

پرسیار: کێ ئەو کارەی کرد؟

وولام: دەیگوت بارزانییەکان کردیان. گوتم باشە ئاغای قازیی محەمەد ئەو خراپە و وێرانکاریانە بکەن گرینگ نییە. گوتی، " ئێستا ڕای ئێوە چییە؟" گوتم ڕای من هەر ئەوەیە کە گوتم. ئێمە دەجوولێین بەرەو مەهاباد. بۆ سبەینێ ڕا ستوونەکان هەر بە هەمان کەڵکی بەگزادان ڕا کە بیگلەری [ فەرماندەی] بوو و هەر لەمیاندواوەوە بەرەو مەهاباد وەڕێمان خستن. فڕۆکەکانیش لە کار دا بوون و هاوڕێیەتی ستوونەکانیان دەکرد. ئەمڕۆش فڕۆکەکان هەبوون و پەیتا پەیتا ستوونی بیگلەرییان دەپاراست تا گەیشتە بۆکانێ، ستوونی ئێمەش هەر وەها، دوازدە فڕۆکەیان لە بەر دەست نابووین هەر دوو دوو ، دوو لە سەر ئەم ستوونە و دوو لە سەر ستوونەکەی دی دەگەڕان، ئەوان دەچوون دووی دەهاتن و ئاوا. شەوێ لە نیوەی ڕێگایە ماینەوە و بۆ سبەینێ ڕا وەرێ کەوتین بەرەو مەهاباد. لە سەد میتری یان ڕەنگە دووسەد میتری مەهاباد دیتم کەسێک لە سەر ڕەوەزە بەردێک ڕاوەستاوە. دوایە نیزیک بوومەوە دیتم قازیی محەمەدە، ڕەئیس جمهوور. گوتم باشە، لە ئەسپ دابەزیم و دەستم لەگەڵ داوە و چاکوچۆنیم لە گەڵ کرد. گوتی، " ئێمە نەماندەویست هیچ پێشهاتێک بقەومێ و جارێ ئەوە بارزانییەکان ئەو بەرزاییانەیان گرتووە و لەوقسانە." گوتم، ئاغا ئێمە حەول دەدەین دواجار دەبێ کارەکە یەک لا بێتەوە و گرینگ نییە. هیچ ئیدی، هاتین. لەگەڵ بەرێزیان بە پێیان هاتین، بە پێیان هاتین تا سەرەتای شاری. بەڵێ دیتمان نیزیکەی سەد کەس لە ماقووڵانی شاری لەوێ ئامادەن و قسەمان لە گەڵ کردن و پێم گوتن دەوڵەت هیچ ڕایەکی خراپی لە سەر ئێوە نییە بەو شەرتەی ئێوەش ڕێگای دڵپاکی بکەنە پیشە و ئەگەر بێت و بتانەوێ ئاکارێکی هەڵە بکەن یان خەڵک هان دەن یان ئاکارێکی ناپەسند بکەن ئەو دەمی دیارە کاردانەوەی دەبێ لە لایەن ئێمەوە. دەوڵەت نییەتی ئەوەیە لە ئەوپەڕی هێمنایەتی و سلامەتی دا ئەو کارە جێ بە جێ بکرێ. چووین ، چووین و سەرۆکی دیژبانمان دیاری کرد و بە سەرۆکی دیژبانمان گوت ئاغا گشت ئەو کۆمیتە و مۆمیتە و شوورا و موورا ئەوانە هەموویان دەبێ داخەی و دەرگایان مۆر کەی. سی و شەش نوختەیان هەبوو ، گشت ئەوانە مۆر کران واتە کۆمیتەکان. قازیی محەمەد گوتی، " ئەمن بڕۆمەوە ماڵێ." گوتم فەرموون. گوتی، " ئێوە نایەن بۆ ماڵی من ؟" گوتم نا جارێ ئەمن نایەمە ماڵی ئێوە لە بەر ئەوەی کارم هەیە و لێرە کارەکەم دەکەم، ئێنشائەڵا ئەگەر دەرفەت هەبوو دێین و بە خزمەتتان دەگەین. ئەو چووەوە ماڵی خۆی و ئێمەش گەیشتینێ و فەرمانم دا هەموو دەرک و دەروازەی کۆمیتەکانیان داخست. ئەو مەهابادە خۆی ڕادیۆی هەبوو.

پرسیار: چی هەبوو؟

وولام: ڕادیۆی محەلی هەبوو کە قسەی تێدا بکەم . بە ڕادیۆ قسەمان کرد بۆ خەڵکی کوردستان و لەوانە.

پرسیار: خۆتان قسەتان کرد؟

وولام: بەڵێ و دوایە گوتمان کە ئاغا گیانم عەزیزی من هەوڵین کارێک کە ئێمە بۆ پاراستنی هێمنی دەیکەین کۆ کردنەوەی چەکەو چەکی بێ ئیزنە کە کەوتووەتە دەست تاکوتەرا و دەبێ لە سبەی بەیانییەوە هەر کەس چەکی هەیە بێنێ چەکەکەی تەحویل بدا و ڕەسیدی وەربگرێ و ژمارەی چەکەکەی لێ نووسرابێ. لە چەندین نوختەش ئەفسەرەکان ڕاسپێردراون و مێزیان داناوە و چەک کۆدەکەنەوە. هیچ ئیدی، ئەو ئیبلاغەشمان کرد و لە سبەینێوە خەڵک دەستیان کرد بە هێنانەوەی چەک. ئەمن بەیانی زوو هەستام چووم . ئاغا لە کووچە و خەیابانەوە هەر خەڵک بوو تفەنگیان دەبرد بەرەو ئەو مێزانەی کە لە هەشت نوختە دا دیاریمان کرد بوو. ئەوی ڕۆژێ تا تاوپەڕان سێ هەزار تفەنگ لە شاری مەهاباد وەرگیرا.

پرسیار: ئەو تفەنگانە لە کوێ ساز کرا بوون؟

وولام: تەواوی تفەنگەکان وەک عەرزم کردی ئەو برنووانەی بووو کە ئەو سێ لەشکرەی بوو کە باسم کردن و ئەوانەیان لێ وەرگرتنەوە. ئێوارە دیتم قازیی محەمەد تەلەفونی کرد، "قوربان ئەوە کوڕەی من چووەتە تەورێز و ئێستا لەوانەیە لەوێ گرفتی بۆ ساز کەن، دەکرێ ئێوە تێلێگرافێک بکەن؟" گوتم ئاغا لەشکری تەورێز لە ژێر ئەمری مندا نییە. ماشێنێک ئامادە کەن ئەمن دەتوانم ئیستوارێک بنێرم بچێ کوڕەکەتان سوار کا بیهێنێتەوە.گوتی، " زۆر باشە". ماشێنێکی ئامادە کرد و ئێمەش ئیستیوارێکمان دیاریی کرد و بە ماشێنەکە چووە تەورێز کە کوڕەکەی بهێنێتەوە. بۆ بەیانی ڕا ناردمان لە دووی قازیی محەمەد. بۆ بەیانی تەلەفۆنمان بۆ کرد کە قازیی محەمەد دەمەویست هێندێک قسەت لەگەڵ بکەم. گوتی " بەڵێ". هات. گوتم قازیی محەمەد ئێمە دەمانەوێ ببینین کە ئەو چەکەی کە ئەو ماوەیەی هێنراوە بۆ ئێرە چەندە بووە؟ و چۆن دابەش کراوە؟ گوتی، " ئاغا من هیچ ئاگام لێی نییە." گوتم چۆن؟ هەموو دابەشکردنی چەک لەلایەن ئێوەوە بووە ، بە فەرمانی ئێوە بووە. گوتی " نە ئاغا، نەخێر" دوایە دەرکەوت گشت ئەو بەڵگانەی کە دەیگوت ئاورم تێبەرداون بردیانە حەمامی سەربازخانە لەوێ گشت بەڵگەکانیان سووتاند. گوتم زۆر باشە هەرچۆنێک بێ ئێوە ئەگەر ئاگاداری ڕاستەوخۆشتان نەبێ، ئاگاداری ناڕاستەوخۆتان هەیە دەبێ بۆ ئێمەی باس بکەن. گوتی، " نا من هیچ نازانم و ئاگاداریم نییە ." گوتم باشە کەوابوو ئێستا ئێمە کارێک دەکەین. دەکرێ بنێرین ئەو پیاوماقووڵانە بێنن زانیارییان لێ وەربگرین. گوتی، " بەڵێ بەڵێ، ئەوە کاری چاکە". گوتم لە کەسانی خۆت بنێرە بە دوویان دا، ئێمە کە ناسیاویمان نییە، ماڵەکانیان نازانین، با ئەوانە هەموویان بێنە دەفتەری فەرمانداری. گوتی ،" زۆر باشە." بانگی نۆکەرەکانی کرد و گوتی بچن لە دوای ئەوانە. سەعاتێک کە ڕابرد من گوتم با بەیەکەوە بچینە فەرمانداری. چووینە فەرمانداری دیتمان دە پازدە کەس هاتوون و گوتمان ئەی کوان ئەوانی دی؟ گوتی. " نەخێر هێندێک لێرەن." گوتمان باشە ئاغای قازیی معەمەد ئێوە فەرموون ناوەکانیان بنووسم من بیانبینم. گوتمان و نووسیان و دیتمان فڵان و فڵان. بە فەرماندەی نیزامیم گوت ئەوانە ئاغای قازیی محەمەد گوتوویە، ئەوانەن و هێندێکان نەهاتوون. بنێرە ئەوانیش بێن. بە کورتی تا نیوەڕۆ هەموویان هێنان کۆمان کردنەوە.
پرسیار: هەموو وەزیرەکان و ...

وولام: هەموو وەزیرەکان و سەرۆکەکان و فڵان و ئەمانە هاتن دانیشتن. قسەمان لەگەڵ کردن و گوتمان ڕای دەوڵەت ئەوەیە و ئێمە دەزانین ئەوەی کە مەملەکەت داگیر کرا بوو و هێندێک پێشهات قەوماوە و هێندێک شت ڕوویان داوە و هێندێک شت کە لە دەست هیچکام لە ئێوە نایە بەڵام ئێویان ناچار کرد بە هێندێک کردەوە، ئێمە لە هەموو ئەوانە ئاگادارین، پێی دەزانین، بۆیە سەبارەت بەو جەرمیانانە لێپرسینەوەتان لەگەڵ ناکەین بەڵام بابەتێک کە گرینگی هەیە مەسەلەی چەک و کۆ کردنەوەیەتی، دەبێ ئاغایان یارمەتی بدەن تا هەرچی خێراتر چەکەکان کۆ بکەینەوە.

دەی ئاغا جەنابی بەرزت چ ئاگاداریەکت هەیە سەبارەت بە بابەتی چەک؟ گوتی، "بەندە هیچ ئاگام لێ نییە هێندێک تفەنگیان دەهێنا و دەیان برد." لە کوێ دەیانهێنا؟ کێ دەیهێنا؟ گوتی، " هێندێک تفەنگیان دەهێنا بە شەو بە کامیۆن لە پشت سەربازخانە هەڵیان دەڕشت پاشان خەڵک دەچوون دەیانهێنان" گوتم هەر وا؟ تەفەنگەکانیان دەهێنا لە پشت سەربازخانە هەڵیان دەڕشت هەرکەس دەهات و دەیبردن؟ ئاغا خۆ ئاوا نابێ، هەرچەندەش بێ سەروبەریی بووبێ دەبێ نەزمێک هەبووبێ کێ ئەوانەی دەبرد؟ ئێوە ئەو شتانە بە بەندە بڵێن. " گوتی، " ئاغا بەندە ئێدی نازانم، بەندە دەفتەرم نییە." گوتم ئەوانە دەفتەری ناوێ ئێمە هەمووەمان بە ووردە ڕیشاڵ ناوێ، جەنابی بەرزتان ئەو شتەی وەبیرتان دێ باسی بکەن. هەر نکووڵی لێکرد، نکووڵی لێکرد، نکووڵی لێکرد. یەکیان گوتی، "ئاغا ئەو کەسە ڕەئیسی ئەنبارە دەبێ بزانێ." (؟) [ لە دەقی ماک دا نیشانەی پرسیار بەم شێوەیە داندراوە. ح.ق.] گوتم، " ئاغا ڕاست دەکەی ، ئێوە کە ڕەئیسی ئەنبارن دەبێ بزانن کە چەک لە کوێوە دێ، بۆ کوێ دەچێ." گوتی، " ئاغا بەندە ئەگەر ڕەئیسی چەکم ئاغای پێشەوا کە لێرەیە ئەمن پەیڕەوی بەرێزیان بووم، بەرزییان فەرمانیان دەدا، بەرێزیان بەووردە ڕیشاڵ دەیانگوت تفەنگ لە کوێیە، کێ هەیەتی، بیدەن بە کێ مەیدەن بە کێ. ڕووسەکان بە شەو ئەوتفەنگانەیان دەهێنا لە پشت سەربازخانە هەڵیان دەڕشت ئێمە بەیانی دەمان نارد کۆیان دەکردنەوە و دەیانهێنانە ئەنبار." گوتم زۆر باشە. ئێستا سووڕەتی هەمووەمان کۆ کردەوە بردمانە حەمامی سەربازخانە بە فەرمانی پێشەوا سووتاندمانن.
پرسیار: پێشەوا چ کارە بووە؟

وولام" پێشەوا ڕەئیس جمهوور بوو، هەر هەمان قازیی محەمەد کە پێیان دەگوت پێشەوا، حەزرەتی پێشەوا.

پرسیار: بەڵێ تێگەیشتم.

وولام: گوتم  ئاغای پێشەوا ئێوە ناتانەوێ بابەتەکە بۆ ئێمە ڕوون بکەنەوە! ئەو ئاغایە دەڵێ چی. گوتی،" ئاغا ئەوە نازانێ دەڵێ چی، لە خۆیەوە قسە دەکا، ئێمە ناتوانین ئەو قسەیە قەبووڵ بکەین." گوتم باشە ئێستا کە جەنابی بەرزت ناتوانن قەبووڵ بکەن ئەو ئاغایەی وەزیری شەڕ ئێوە ئاغای سەیفی قازی زانیارییەکانی چییە لەو بارەیەوە؟ ئەو ئاغایەش گوتی، " منیش وەکوو ئەوانی دیکە هەرچی ئەوان ئاگایان لێیە منیش ئاگام لێیە."  گوتم دەبێ ئاغایان دڵپاکانە بێنە پێشێ و هەنگاو هەڵێننەوە و بزوونەوە و فلان و فلان. بوو بە نیوەڕۆ. قازیی محەمەد بە منی گوت "ئاغا وەختی نوێژە، ئێمە لە بانگی نیوەڕۆیە دا دەبێ نوێژ بکەین." گوتم فەرموون نوێژ بکەن، ئازادن، ئاغایان فەرموون بچنەوە ماڵێ نوێژەکەتان بکەن و پارووە نانێکیش بخۆن و وەرنەوە، ئاغایان هەموویان ڕۆیشتن. گوتم بەو شەرتەی کە لە سەعات 2ی دوای نیوەڕۆ  هەمووتان لێرە کۆ ببنەوە. گوتیان زۆر باشە، ڕۆیشتن، ئێمەش چووینەوە ماڵێ نانی نیوەڕۆمان خوارد. هاتینەوە دەفتەر، گوتی ، " کە وابێ ئەمن لە پێشدا دێمە دەفتەری ئێوە بەیەکەوە دەڕۆین" ئەوە قازیی محەمەد گوتی. ئیمە ڕۆیشتین. کاتێک چووینە دەفتەرەکەمان هێشتا سەعات نەببوو بە 2  قازیی محەمەد هات، دانیشتبووین و قازیی محەمەد هات گوتی ئاغا: گوتمان بەڵێ. دەستی بردە نێو گیرفانی و دەستماڵێکی دەرهێنا و لە پێش ئێمەی دانا. گوتم ئاغای قازیی محەمەد ئەوە چییە؟ گوتی، " ئاغا ئەوە دیاری یە، دیاری ." گوتم وەڵا بە ئاسایی دیاری دۆستێک دەیدا بە دۆستێک. بە داخەوە ئێمە لە ڕابردووە دا ئەو دۆستایەتییەمان نەبووە واتە چ پێوەندیمان نەبووە کە دیاریی لە نێومان دا ئاڵوگۆڕ بکرێ . جا بۆیە لەو ڕووەوە دیاری وەڕاست ناگەڕێ، تکا دەکەم  ئەوە با لای جەنابی بەرزتان بمێنێتەوە تا دوایە هۆیەکەی و سەرچاوەکەی ڕوون بێتەوە. هیچ دەستماڵەکەم لە پێش داناوە، کە وابوو فەرموون با بچینە فەرمانداری  .

پرسیار: دەسرەکە بەتاڵ بوو؟

وولام: نا ئەسکیناسی تێدا بوو، ئەسکیناسی تێدا بوو یانی دەیەویست...  لە پێشیم داناوە و  هاتینە فەرمانداری، دانیشتین و درێژەمان بە قسان دا. دێسان یەک گوتی و یەک نەی گوت. ئەو گوتی خەتای ئەوە و ئەوی دی گوتی خەتا لە ئەستۆی ئەویدی یە. دەیگوت ئێوە گوتتان، ئەو دەیگوت ئاغای ڕەئیس ئێوە بیست تفەنگ و ئەوەمان تازە نووسیوە. باشە ئاغای ئەنباردار ئێستا هەر وا لە گۆترە بە ڕای تۆ هەر جارەی چەندە تفەنگ دەگەیشتێ؟ بە کورتی کۆی کردەوە و گوتی،" پێنجهەزار تەفەنگ بە دەست من گەیشتووە، بە ئەنبار گەیشتوە بەڵام  لیستەکانیان ئاور تێبەردا و فلانیان لێ کرد،" زۆر باشە، هەر وا بە تەقریب نووسیمان تا ئێوارە داهات. گوتم باشە ئاغایان ئێستا دەبێ نوێژی عەسر و شێوانیش  بەیەکەوە بکەن ئیتر. گوتی، بەڵی." گوتمان باشە نوێژی عەسر و شێوان بەیەکەوە بکەن دیسان درێژە بە قسە کردن بدەین. ڕۆیشتن نوێژی عەسر و شێوانیان کرد لە مزگەوت و  هاتنەوە. هاتنەوە و ئەمن سەری قسانم کردەوە . پێم گوتن بەو شتانەی کە من لێیان تێگەیشتم ئاغایان حەقی بابەتەکیان نەدا و بەو داوخوازانەی کە من کردم نایانەوێ دە ڕاستیدا هاوکاری لە گەڵ ئێمە بکەن. جا بۆیە داوا دەکەم کە ئاغایان تەشریفیان بمێنێتەوە و بیر بکەنەوە ئەگەر دەیانەوێ ڕێگای دڵپاکانە وەبەر بگرن دەبێ بێنن و بە دروستی  و بە ڕاستی لە هەر شتێکی کە ئاگادارن بیڵێن ، ئەگەر ئاوا نەبێ ئەوە باسێکی دیکەیە. هێچ ئیدی هەستیان، لە خوارێ بە فەرمانداریی نیزامیمان گوت ئاغایان لە ژێر چاوەدێری دان تا ئەو کاتەی کە تەکلیفی ئەو کارە ڕوون دەبێتەوە . نا ئەوەشم عەرز نەکردی. ئەو شەوەش لێیان گەڕاین بڕۆن، بۆ سبەینێ ئیستوارەکە هاتەوە و ماشێنەکە کوڕی قازیی محەمەدی هێناوە. فەرمانم دا بوو کاتێک هاتن گیرفانی کوڕی قازیی محەمەد بگەڕێن ئەگەرکاغەزێک شتێکی تێدایە بیهێنن بزانین چییە. ئەوە لە پۆستی دیژبانی دا بکرێ . لەو ناوە دا دیتم هاتن.ئیستوارەکە هات و گوتی..... بەڵێ ئەوە هات و پاکەتێکی دامێ. پاکەتەکەم دی خەتی برای قازیی محەمەد بوو کە نووسیبووی ئەمن لە گەڵ کۆنسوولی ڕووس لە تەورێز دەچمە تاران و لەوێ لە ماڵی قەواموسەلتەنە بەست دادەنیشم. کاغەزی نێو پاکەتەکەمان خوێندەوە و دامەوە بە ئیستیوارەکە و گوتم بیبە بیدە بە وی  [ بە کوڕی قازیی محەمەد]. کوڕەکەش هاتە لای ئێمە. گوتم باشە بە سڵامەتی هاتی؟ گوتی، " بەڵێ قوربان". گوتم کاغەزەکەیان بە هەڵە لی وەرگرتبوون دایان نەوە؟ گوتی ، بەڵێ قوربان" و چووە لای بابی. بۆ بەیانی ڕا کە ئێمە داوای قازیی محەمەدمان کرد و باسەکەمان لە سەر ڕا داگیرساندەوە، هەر بۆ ئەوی شەویش گوتمان ئاغایان تەشریفیان هەبێ بۆ ئەوەی تەکلیفی چەک ڕوون بێتەوە. هەموو ئەوانەم ڕاگرت بۆ لێپرسینەوە. چووینە تاران کە لەوێ  سەدری قازی برای قازیی محەمەد لە ماڵی قەواموسەلتەنەیە. بۆ دانی ڕوونکردنەوە کە ئەو هەمیشە نێونجی نێوان تاران و ئێرە بووە، لە نێوان هەڵسووڕێنەرانی شوڕەوی و ئەمانە، گوتمان ئەوییش بنێرنە مەهاباد. تێلگرافیان کرد کە بەڵێ ئەو جارێ لە ماڵی قەواموسەلتەنەیە. گوتیان ئێوە لێپرسینەوە بکەن. گوتم لێپرسینەوەمان کرد.، هەر لە سەرەتاوە لێپرسینەوەمان کرد. لە

بەر ئەوەی ئەوان [سەدری قازی] پێوەندیکار بوون لە نێوان دەستگای،حکوومەت و خەڵک پێویست دەکا کە ئەوانیش بۆ دانی ڕوونکردنەوە لێرە ئامادە بن. پێویست دەکا لەگەڵ ئەفسەرێک بنێردرێ و دوای لێپرسینەوە بگەڕێنەوە.بە قەواموسەلتەنەمان گوت بەو شەرتە وولامیان داوە.گوتیان ماشێنیان هێنا سوار بوون لەگەڵ سەرهەنگێک هاتن بەرەو مەهاباد. کاتێک گەیشتنە مەهاباد سەرهەنگەکە ڕاستەوخۆ ئەوی بردە ماڵی قازیی محەمەد، لە کاتێک دا ئێستا ئەوە قازیی محەمەد دەست بەسەر کراوە و ڕاگیراوە. دەست بەجێ کە دیژبان گوزارشتی دامێ ئەفسەرێکمان ناردە ماڵی قازیی محەمەد کە لەگەڵ سەدری قازی تەشریف بهێنن بۆ دەفتەری فەرماندە،هات سەرهەنگەکە هات و گوزارشتی دامێ . گوتم باشە ئێوە بە بێ ئیجازە بەر لەوەی کە من ببینن بۆچی چوونە ماڵی قازیی محەمەد؟

پرسیار: بە کێتان گوت؟

وولام: بە هەمان سەرهەنگەکە. سەرهەنگ گوتی،" بەڵێ هەڵەم کرد." گوتم ئێستا دەبێ دابنیشن، دانیشت و قسەی کرد و ئەوانە. گوتم باشە ئەو پێوەندیانەی کە لە نێوان ئێوە دا بووە و دەستگاکان و خەڵک دەبێ ئەوانە یەک بە یەک ڕوون ببنەوە. گوتی، " بەڵێ بۆ وێنە وەکوو چی؟ گوتم ئێمە لە ڕووی سیاسییەوە هیچ کارمان پێی نییە، بابەتی سیاسی پێوەندی بە ئێمەوە نییە. ئەمن لە ڕووی عەسکەرییەوە لە مەسەلەکان دەکۆڵمەوە.زیاتر سەرنجم لە سەر چەک کۆ بووەتەوە کە بزانین لە لایەن شووڕەوییەکانەوە چەندە چەک هێنراوە بۆ ئێرە و شیکردنەوەی دابەش کردنیان چییە و چ نییە. گوتی، " ئاغا من بە گشتی ئاگام لە [ وەزع] بووە بەڵام لە سەر ووردە ڕیشاڵ نازانم." گوتم باشە ئەگەر ئێوە ئاگاتان لە ووردەڕیشاڵێش نەبێ ئێستا دەبێ خۆتان کە زمانی ئەمانە باشتر دەزانن بێنە ناو و ئێمەش لە جەرەیان بنێن تا ئێمە چەک کۆ بکەینەوە،جا ئێستا بە هەر شێوەیەک کە دابەش کراون کۆیان کەینەوە. گوتی، " بەڵێ." باشە، ئێستا دادئەستێنیش لەوێ بوو.، [ بە سەدری قازی م گوت] لە گەڵ ئاغای دادئەستێن بچن بۆ پرسیار و لێگەران و ئەویش ڕۆیشت و خرایە ژێر چاوەدێری و گیرا.سەرهەنگ بۆ بەیانی را هات و گوتم ئێوە دەبێ بگەڕێنەوە تاران. گوتی، "ڕەئیسی ستاد فەرمانی پێدام لەوێ بمێنەوە و لە گەڵ ئەوان [سەدری قازی] بگەڕێوە. گوتم، بەڵێ لە سەرەتاوە بڕیار وا بوو بەڵام دوایە پێویست بوو ئەوان [ سەدری قای] بمێننەوە بۆ لێپرسینەوەی زیاتر، ئێوە بگەڕێنەوە تاران. هیچ ئیدی سەرهەنگم ناردەوە تاران و لێپرسینەوە دەستی پێکرد. لێپرسینەوە دەستی پێکرد و هاوکات ئەفسەرێکی کورد، سەروانێک کە دواتر بوو بە سپەهبود و بوو بە جێگری سەرۆکی پۆلیس، ئەو کوردی باش دەزانی. من بۆ ئەوەی بزانم ئەوانە لە زیندان لەگەڵ یەک باسی چ دەکەن بەوئەفسەرەم گوت گۆیا سزای دیسیپلینت دەدەم و دەتنێرمە زیندان لای ئەوانە، لەوێ بزانە جەرەیان چییە، باسی چ دەکەن. گوتی ، " زۆر باشە"، ڕۆیشت و دەستی کرد بە لیکۆڵینەوە لەو کەسانە لەو هەڵسووڕاوانە،دەی ئیستا ئەوە خەڵک خەریکن چەکەکان دەهێننەوە ، چەکەکان لە نیزیکەی چوار پێنج ڕۆژ دا کۆ کرانەوە، زیاتر لە هەشتا هەزار فیشەک کۆ کرایەوە و دەست کرا بە لێپرسینەوەی نووسراو و بازپورسی و پرسیاری نووسراو ، عەرزی حزووری مبارەکتان بکەم ئێستا ئیدی گوشاریان بۆ من دەهێنا کە ئاغا ئێوەبجووڵێن بەرەو ئازەربایجانی ڕۆژئاوا کە ئەویش کراوە بە ناوچەی ئێوە، شاپوور [سەڵماس] و ڕەزائییە [ورمێ] و خوێ و ماکۆ. گوتمان زۆر باشە.

ئێستاباسی بارزانی م نەکرد. بارزانییەکان کاتێک ئێمە هاتینە نێو مەهاباد و گوردانەکان ڕاسپێردران پێوەندی بگرن ئەوان هەر خەریکی پاشە کشە بوون بە مەودایەک بەرەو جادەی نەغەدە، واتە بەرەو لای سنوور. هەنگێکی سوارەش پێشڕەوی ئێمەبوو. لە 12 کیلۆمیتری شار ڕادەوەستن و دادەمەزرێن، هەنگە سوارەکەی ئێمەش هەر لەوێ لە مەودای هەشتسەد میتری لە بەرانبەریان ڕادەوستن . مەلا مستەفا پەیام دەنێرێ کە من پێم خۆشە فلانکەس ببینم لە گەڵ فەرماندەی هەنگی سوار. هەنگی سوار هەستا نامەی نووسی کە مەلا مستەفا داوای چاوپێکەوتنی ئێوە دەکا بەڵام دەڵێ ئەمانناماەم دەوێ. ئێمە لە سەر کارت ڤیزیتێکی کە هەمان بوو نووسیمان، "ئاغای مەلا مستەفای بارزانی: ئێوە دڵنیا بن و دەتوانن بۆ چاوپێکەوتنی من بێنە مەهاباد، هەر ئەوەندە ئیمزام کرد. گوتم بیدەنێ. هێندەی پێ نەچوو کە دیتمان ئاغای مەلا مستەفای بارزانی لە گەڵ چوار ئەفسەری عێراقی کە لەگەڵ بارزانییەکان کەوتبوون، سەرهەنگ دوویەک، سەروانێک و سیتوان یەکێک هاتن و خۆیان ناساند، گوتمان مەلا مستەفا دەی ئەتۆ چی؟ گوتی، ئاغا من دەمەوێ لە گەڵ ئینگلیسییەکان پێوەندیم هەبێ چونکە گرێی کاری ئێمە دە دەست ئینگلیسەکان دایە." گوتم باشە بەڵام لێرە نە سەفارەتخانە هەیە، نە کونسوولخانە هەیە. کونسوولخانە و سەفارەتخانە لە تارانن. ئەگەر ئێوە بتانەوێ ئەمن دەتوانم هەلومەرجێکی ئاوا ئامادە بکەم کە ئێوە لێرەوە بچنە تاران و لەوێ هەر جۆرێک کە دەتانەوێ، لەگەڵ هەر کەس کە دەتانەوێ پێوەندی بگرن. گوتی، " زۆر باشە،زۆر باشە." گوتم جا ئەوە مانای ئەوەیە ئێوە تەسلیم نامەیەکی بێ قەید

وشەرت بە خەتی خۆتان بنووسن کە ئەمن و تایفەی بارزان تەسلیمی بێ قەید و شەرتی دەوڵەتی ئێرانین و گوێڕایەڵی ئەو فەرمانانەین کە لە لایەن دەوڵەتی ئێرانەوە سەبارەت بە ژیانی من و (؟) [ لە دەقی ماک دا نیشانەی پرسیار داندراوە. ح.ق.] . ئیدی کاغەزێکی هەڵ گرت و بە خەتی خۆی بە عەرەبی ، عەرەبیشی باش دەزانی، نووسی و بنەکەی ئیمزا کرد مەلا مستەفای بارزانی. گوتم زۆر باشە ئێستا تەشریفتان لە ماڵی یەکێک لە پیاوماقووڵانی مەهاباد بێ. گوتم شەو تەشریفتان بینە ئەوێ لەوێ بحەسێنەوە بەیانی وەرنەوە کە تەرتیبی کارەکە بدەین. چووینە تێلێگرافخانە و ئەوەمان تێلگراف کرد و گوتمان. ئاغا تێلگراف وولامی هاتەوە زۆریان پەسن دابووین، بە پێچەوانەی ئەو تێلگرافەی کە ئەودەمی کە لە میاندواو بووین کرد بوویان، گوتبوویان خزمەتەکانی ئێوە جێی ڕەزایەتی ئەعلاحەزرەتی هومایوونی یە و تەقدیرتان لێ دەکرێ. زۆر باشە. سەرهەنگ دوویەمێکمان دیاری کرد و لەگەڵ ئەو ئاغایانە و بەو دوو ماشێنی جیپ ڕەوانەمان کردن بەرەو تاران و لە ناوچە برۆن. ئەوانە ڕۆیشتن و تێپەڕین و گەیشتنە تەورێز، بە تارانیشمان گوت کە ئەوانە ئەوە دێن و ئاوا بوو و ئاوا نەبوو و ئێمە ئەوانەمان ناردە تاران. تێلگرافیان کرد،" بۆچی ئەوانەتان نارد بۆ تاران؟ دەبێ زەمینە بۆ هاتنی ئەوانە ئامادە بکرێ." نووسیم باشە من فەرمان دەدەم بەو ئەفسەرەی لەگەڵیانە بە بیانووی ئەوەی ماشێن خراپ بووە و لەو قسانە لە تەورێز بمێنێتەوە هەر چەند ڕۆژێ کە ئێوە بتانەوێ ئەو دەمی ئەگەر زەمینە ئامادە بوو ئەوانە لە تەورێزەوە بێن. تێلگرافیشم کرد بۆ ئەفسەرەکە پێمان گوت 48 سەعات لەوێ بمێنەوە و دوای 48 سەعات وەرێ کەوە بەرەو تاران. دەی چووە تاران، بردیانە تاران. بردیانن بۆ لەشکری دووەم و چوون لەوێ جێیاندانێ و زۆر میواندارییان لێ کردن، بردیان شەرەفمەند بوو بە دیداری ئەعلاحەزرەت، وەزیری شەڕی بینی و سەرۆکی ستادی ئەرتەشی دیت، زۆر زۆر. مەلا ئەحمەد [ مەبەستی شێخ ئەحمەد ە، ح.ق.] کە گۆیا برا گەورەی ئەوانە و بەپێی قسەی خۆیان خودانی بارزان، گوتی، " ڕێگا بدەن ئێمە هێندێک بەرەو دواتر بچین و لە نیزیک نەغەدە لەوێ دامەزرێین. زۆر باشە بچن. ئەوان چوون لەوێ لە نیزیک و دەور و بەری نەغەدە دامەزران. دوای چل ڕۆژ دیتمان کە سەرۆکی دارایی گشت قوشوون و مەلا مستەفای بارزانی لە گەڵ سێ ئەفسەرە عێراقییەکە هاتن بۆ مەهاباد.

پرسیار: لە تارانەوە ؟

وولام" لە تارانەوە. لەگەڵ نامەیەکی سەر مۆر کراوی سەرۆکی ستادی ئەرتەش، " لە ئاکامی ئەو وتوویژانەی لە گەڵ مەلا مستەفای بارزانی کرا بڕیار درا کە هەموو خێڵی بارزان کۆچ بکەن بۆ بەندەنەکانی چیاکانی ئەلوەندی هەمەدان و لەوێ ماڵ دانێن و جیرەی دەوڵەتییان بدرێتێ و زەوی وزار بۆ زەرعات و لەوێ خەریکی زەراعەت بن و ماڵ وماڵات و وڵساتیان لەوێ بن. سەرۆکی دارایی گشت قوشوونیش ناردرا بە پارەی پێویست سەد دەستگا کامیون بکرێ و ئەو بنەماڵانە ڕاگوێزێ بۆ وێندەرێ،" ئێمە ئەو نامەیەمان خوێندەوە گوتمان باشە مەلا مستەفا تۆ لە تاران بەرعۆدە بووی ئەو کارە بکەی؟ گوتی،" نا ئەوان گوتیان و ئێمەش هێچمان نەگوت، بێدەنگ بووین بەڵام ئێمە چۆن دەتوانین بچینە هەمەدان و بۆ داوێنی ئەلوەند؟ ئێمە زیاتر لە شەش هەزار سەر مەڕمان هەیە، ژیانی ئێمە بەستراوەتەوە بەو مەڕانە . ئەگەر ئەوانە لە دەست بدەین هیچمان بۆ نامێنێ." گوتم ئەی دەبێ چ بکەین؟ گوتی، " قوربان دەبێ ڕێگایەک بکرێتەوە ئێمە بچینە عێراق." گوتم عەزیزی من ئەگەر تۆ مەبەستت چوونی عێراقە چۆن دەتەوێ بچیە وێ؟ دەتەوێ بە ئاسایی بچی؟ خۆ تۆ پێوەندیت لە گەڵ سەفارەتی عێراق نەگرت؟ دەبوو چووبایە ئەوێ و داواکانت بکەی. ئەگەر دەتەوێ بچیە عێراق دەبێ ئەوان موافەقەت بکەن بێی بچیە عێراق، ئەگەر گرفتێکی دیکەی سیاسیت هەیە لەوێ جێ بە جێی کەی، بەڵام لێرە ئەو قسانە چ فایدەی هەیە؟ گوتی،

" ئێجازە بدەن ئەمن بچم چاوم بە مەلا ئەحمەد [ شێخ ئەحمەد] بکەوێ چونکە ئیختیاری ئێمە بە دەست وییە. ئەمن هەرچییەکی بیڵێم هەر قسەی خۆم کردووە، ئەو دەبێ بڕیار بدا، ئێمە گوێڕایەڵی لێدەکەین،" زۆر باشە. دەی مەلا مستەفامان لە گەڵ سێ ئەفسەرە عێراقییەکە نارد ڕۆیشتن، سەرهەنگەکەشم لە گەڵ ناردن، سەرهەنگ دووەمەکە، چوو پێم گوت ئاغا ئەوانە 48 سەعات بمێننەوە دیسان هەڵیان گرێ بیانهێنێتەوە بزانین چ دەکرێ بکرێ. دوای 48 سەعات نامەی نووسی، " ئاغا ئەوانە ئێتر نایانەوێ بێن." بۆچی؟ گوتی، "ئەو قسانەی لەتاران بۆ ئەوانەیان کرد و ئەوانە یان بێدەنگ بوون و یان قەبووڵیان کرد ئێستا لێرە لە جێدا مەلا ئەحمەد [ شیخ ئەحمەد] لێیراوانە قەبووڵی ناکا." دەی باشە، ئەوەش نامە. ئێمەش تێلگرافمان کرد بۆ تاران. ئەو ئاغای سەرهەنگ دەوڵەتشاهی ڕەئیسی دارایی گشت قوشوونیش گوتی، " ئەی تەکلیفی بەندە چییە؟" گوتم ئێوەش تەشریف بێنن پارەکانتان هەڵگرن و بیبەن چونکە ئەوانە جارێ کە نایەن. گوتی ، " زۆر باشە". ئەوانیشمان ناردەوە تاران. دیتم دەی دەبێ ئێتر ئێمە ئۆپێراسیۆن بکەین. ناکرێ لەبەر ئەوانە ئێمە دەبێ بچینە ئازەربایجان، چەکی عەشیرەتە چەکدارەکانی ئازەربایجان وەربگرینەوە. ستوونەکانمان وەجووڵە

خست بەرەو نەغەدە. سێ ستوونمان وە جووڵە خست هاتینە 6 کیلۆمیتری نەغەدە.
پرسیار: بە گشتی چەند کەستان لە ژێر دەست دابوو؟

ووڵام: ئێمە نیزیکەی دە دوازدەهەزار نەفەر نیرووومان هەبوو.

گێرەرەوە: تیمسار فەزلوڵای هومایوونی

بەرواری چاوپێکەتن: پێنجەمی ئۆکتۆبری 1984

شوێنی چاوپێکەوتن : لەندەن – ئینگلیس

وتووێژکار: حەبیب لاجەوەردی

کاسێتی ژمارە : 7

پرسیار: بەڵێ

ووڵام: سێ ستوونمان نارد لە هەشت کیلو میتری نەغەدە لەوێ ئیستیان گرت . بەندە خۆم سواری جیپ بووم و چومە نەغەدە بۆ دیتنی مەلا ئەحمەد [ شیخ ئەحمەد ] بزانم حەقی بابەتەکە چییە. کاتێک چووین  دیتمان لە بەر دێیەکە مەلا مستەفا لە گەڵ نیزیکەی چوار سەد کەس تاکوتەرای چەکدار لەوێ ڕاوەستاوە و ئەو جلوبەرگەی کە لێرە[تاران] واتە ئەو کۆت و شەڵوارەی بۆیان ئامادە کردبوو  [داکەند بوو] و چوو بوو دە بەرگی خۆیەوە و واتە هەمان بەرگی کوردی دەبەر کرد بوو و قەتاری فیشەکیشی بەستبوو و بە پێی دابی خۆیان گۆیا هاتبوو بۆ دەربڕینی ڕێز. دەی ئاغای مەلا ئەحمەد [ شێخ ئەحمەد] لە کوییە،  گوتی، " ئاغای مەلا ئەحمەد [ شێخ ئەحمەد] لەو سەری دێیەکەیە." دوا جار بە پێیان چووینە نیزیک ماڵی مەلا ئەحمەد [ شیخ ئەحمەد]  دیتمان سەدو پەنجا کەسێکیش لەوێ خەریکی خاوێن کردنەوەی تفەنگ و فلان و فلانن.

ئێمە تا گەیشتینێ، پلیکانی لێ بوو پێیدا بچینە وەتاغی مەلا ئەحمەد [ شێخ ئەحمەد]، دیتم مەلا ئەحمەد [ شێخ ئەحمەد] لە سەر پلەی یەکەم دەرکەوت، کڵاوێک، مێزەرێکی سووری لە سەر بوو و دار حەیزەرانێکیشی بەدەستەوە بوو. دەی سڵاو و عەلەیکوممان لە گەڵ شێخ کرد و چووینە ژوورێ دیتمان دوو کورسی یان داناوە و دوو  مێزی ئەوەندەی لێیە یەک بۆ من و یەک بۆ شێخ بەڵام مەلا مستەفا و سێ لە براکانی دیکەی هاتن و لەوێ لە سەر چۆکان لێی دانیشتن  و چوارکەسی چەکداریش و لە چوار قولینچکی دیوەکەدا بەحاڵەتی دەستبەتفەنگ ڕاوەستان. ئێمە چاییمان خواردەوە و بە شێخم گوت ئەوانە بۆچی لێرە ڕاوەستاون؟ گوتی بە نیشانەی حورمەت، گوتم دەمانەوێ لە گەڵ ئێوە قسە بکەین و بابەتی ڕێز گرتن لە گۆڕێ دا نییە. ئیشارەیەکی کرد و ئەو چوار کەسەکە ڕۆیشتن. گوتمان باشە مەلا ئەحمەد [ شێخ ئەحمەد] دەمانەوێ بزانین کە نییەتی ئێوە چییە؟ گەڵالەتان چییە؟ برای ئێوە کە چووە تاران ئاوا بەرعۆدە بوو کە ئێوە بچنە بناری ئەلوەند. گوتی، " ئاغا ئەو قسەیە دروست نەبووە و ئەگەر برای منیش گوتبێتی هەر وا بێ موتاڵا گوتوویە، ئەو کارە لە جێدا چ پێشوەچوونێکی بۆ ئێمە تێدا نییە. گوتم باشە دەتانەوێ چ بکەن؟ گوتی، " ئێمە دەبێ بچینەوە شوێنی خۆمان، بارزان." بە چ شەرتێک دەتانەوێ بچنەوە ؟ بە شێوەی ئاسایی یان بە زۆری؟ غەڵەبە. گوتی، " وەڵا عێراق کە نایەڵێ، هیچ پێوەندی لە گەڵمان نییە." گوتم باشە بە داخەوە مەلا مستەفای بارزانی ش کە چووە تاران پێوەندی لە گەڵ سەفارەتی عێراق نەگرت کە دەبێ ئەو مەسەلەیە جێ بە جێ بکا. کەوا بوو ئێستا ئێوە تەکلیفتان مەعلووم نییە؟ گوتی، ئێستا ئێمە دەمانەوێ ئێوە تەکلیفمان مەعلووم کەن." گوتم نا ئێمە مەبەستمان ئەوەیە کە هەرچی خێراتر چەک لەعەشیرەتەکانی ئێران کە چەک یان هەیە بستێنینەوە بەڵام ئێمە ناتوانین بەر لەوەی تاکوتەرای عەشیرەتە عێراقییەکان لە خاکی ئێران دان چەکی وان وەرنەگرین و بچینە سەر وەختی عەشیرەتەکانی ئێران. دەبێ لە پێشدا چەکی ئێوە

وەربگرین پاشان پچینە سەرو سۆراغی چەکی ئەوان. ئایا ئێوە ئامادەن چەکەکانتان تەحویل بدەن؟ گوتی، "نا". گوتم زۆر باشە. ئێستا کە ئامادە نین چەکەکانتان تەحویل بدەن دەتانەوێ چ بکەن؟ گوتی،" ئێمە دەمانەوێ بڕۆین." گوتم باشە ئەگەر دەتانەوێ بڕۆن بە زۆری دەتانەوێ بڕۆن؟ گوتی، "بەڵێ." گوتم زۆر باشە کە وابوو باشترین کاتی ئێستایە. ئێوە ژن و منداڵەکانتان لێرە دانێن، خۆتان تەئمینتان هەیە هەستن بڕۆن ڕێگا بکەنەوە بڕۆنەوە بۆ بارزان و خێزانەکانیشتان بە دواتان دا وەڕێ بکەون بێن ، لێرە دانیشتنتان کە نابێتە چ ڕێگا چارەیەک. ئەگەریش دەتانەوێ بە هێمنانە بڕۆنەوە کە دەبێ نامە بنووسن بۆ دەوڵەوتی عێراق و موافەقەتی ئەوان وەربگرن هەستن بڕۆنەوە خۆتان تەسلیم کەن. گوتی، " نا ئاغا ئێمە بمانەوێ بڕۆینەوە ئەوێ عێراق پێمان دەڵێ وەرن تەسلیم بن. خۆ ئێمە نامانەوێ تەسلیمی دەوڵەت بین." گوتم باشە ئەگەر ناتانەوێ بێن هەم دەتانەوێ کەڵەگایی بکەن هەم دەتانەوێ بچنەوە عێراق؟ کە وابوو دەبێ بەزۆری بڕۆنەوە و بە زۆریش ڕێگای هەر ئەوەیە کە بیکەن.هەرچۆنێک بێ من ئیتمامی حوجەتتان دەدەمێ دەبێ تا 48 سەعاتی دیکە ئێرە چۆل کەن، ئێمە تا 48 سەعاتی دیکە ئێرە داگیر دەکەین.

ئەمن لەو نێوە دا دیتم [وەزع] تێک چوو چەند کەس بەلایەک دا غاری دەدا و، چەند کەس بە لایەکی دیکە دا . چەند کەسێک هاتنە ژوورێ، دەرگایان کردەوە هاتنە ژووری گوتیان نیزامییەکان هێرشیان کرد. مەلا مستەفا گوتی، " دەڵێن نیزامییەکان هێرشیان کردووە." گوتم، ئاخر ئاغای مەلا ئەحمەد [ شێخ ئەحمەد] ئێوە پیاوێکی ژیرن. چۆن ئێستا کە ئەمن لێرەم نیزامییەکان هێرش دەکەن؟ داخوا چ خراپ لە یەک تێگەیشتنێک قەوماوە. با بنێرین لێی بکۆڵینەوە. ناردم لە دوای سەرهەنگ و گوتم سەرهەنگ ئێوە لە گەڵ نوێنەری مەلا ئەحمەد [ شێخ ئەحمەد] بچن بزان چ قەوماوە . چوون [....] بەڵێ لەوێ کانییەکی لێ بووە کە نیزامییەکان هاتبوونە ئەوێ بۆ ئاو بردن، ئەوانە دەست دەکەن بە تەقە و نیزامییەکانیش وولامیان دەدەنەوە. هەرچۆنێک بوو، کێشەکە جێ بە جێ کرا. هاتنەوە، گوتم ئاغا وەرن ئەوانە هەموو خراپ بۆچوونە و فلانە. گوتم ئیدی قسەی ئێمە تەواو هەر ئەوەندە بوو دەگەڕێمەوە مەقەڕی خۆم و لە دوای ٤٨ سەعات دێمەوە ئێرە. خودا حافیز ئاغای مەلا ئەحمەد [ شێخ ئەحمەد]. بەو خەیاڵەی کە مەلا ئەحمەد [ شێخ ئەحمەد] لەوانەیە کاردانەوەیەک لەخۆیەوە بنوێنێ. گوتی زۆر باشە کە وابوو مەلا مستەفا ئەتۆ تیمسار بەدرەقە بکە هەتا قەراغ ئاوەدانییەکە. هیچ ئیدی ئێمە هاتین و سوار بووین و هاتین. هاتین. بۆ ئەوە شەو هیچ ، بۆ سبەی شەوێ خەبەریان دا کە مەلا مستەفا هێرشی کردووەتە سەر یەکێک لە عەشیرەتەکانی گۆیا خەزمەتکار، لەو عەشیرەتانەی کە لایەنگری دەوڵەتە و ١٥ کەسی لێ کوشتوون و چەکەکانیشی بردوون.
دەی، ستوون بەیانی زوو وەڕێ کەوت هات بەرەو نەغەدە، ئەوانەش چ تەقەیان نەکرد و نەغەدەیان چۆل کرد و ئێمەش هێزەکانی خۆمانمان لە نەغەدە دامەزراند.ئەوان چوونە ئەوبەری چۆمی و داکشان بەرەو شنۆ کە شاخاوییە، هەر ئەو گوندەیە کە سمایل ئاغای سمکۆش [ لە دەقی ماک دا نووسراوە 'اسماعیل آقا سمیت خو، ح.ق.] ماڵی لەوێ بوو و هەر لەوێ سەرلەشکر موقەدەم گەڵاڵەی کوشتنی سماییل ئاغای سمکۆی دارشت، شنۆ. سێ چوار ڕۆژ لە نەغەدە بووین، ئێمە خۆمان، گوشاریان بۆ هێناین کە ئاغا ئێوە وەرنە شت. لە نەغەدەوە ستوونمان نارد بەرەو شنو بچێ و لەوێوە بەرەو زێوە لەوێ هێندێک لە عەشیرەتی خۆمانە لەگەڵ ئێمە بوون. پێوەندیمان کرد، بارزانییەکان ئەوی ڕۆژێ ٢٥ کەس لە سوارەی خۆجێی و ٧ نەفەر سەربازیان کوشت هەرچۆنێک بوو هێز چووە ئەو بەری چۆمی و ئێمە سەنگەرەکانمان گرت . ئەوانیش خۆیان گەیاندە کێوی، دوندی کێوی. دوو ڕۆژ دواتر خەبەر هات کە مەلا مستەفا لە گەڵ سێسەد چەکداری بە ئەزموون دەیەوێ بەرەو زێوە بچێ. لە شنۆ تێپەڕیوە و خەریکە دەچێتە زێوە، لە زێوە. ئێمە بە خێرایی وەڕێ کەوتین، ستوون کە لەوێ کاری خۆی دەکرد، کاری عەمەلییاتی. ئێمە وەڕێ کەوتین خۆمان هاتین بەرەو ڕەزائییە لەگەڵ گوردانێکی پیادەی باڵانش. ئێمە نیزیکەی سەد هەنگاوی بمێنێ بۆ باڵانش سەر لەبەیانی نەفراتی خۆمان لە کامیۆنەکان دابەزاند. شەوێش لە ئاوەدانی یەک بوون کە هەموویان چەکدار بوون دەیانگوت کە باڵانش یش دە دەست ئەرمەنییەکان دایە. نیزیکەی دوو کیلۆمیتری بمێنێ بۆ ئاوەدانییەکە نیزامییەکان لە کامیۆنەکان هاتنە خوارێ و بە ڕێکی و لە سەر هەست دەستیان کرد بە پێشڕەوی کردن لە پڕ دیتمان کە سەرۆکی ئەرمەنییەکان پیاوێکی کورتە باڵاییە وگایەکی وەپێش خۆی داوە و لە گەڵ دایکی و کەسانی دی هاتوون بۆ پێشواز، گەیشتە من گوتی ، " سڵاوت عەرز دەکەم"، تەعزیمێکی کرد. گوتم باشە، چ دەکەی؟ گوتی، " هیچ ئاغا ئێمە لێرەین و ئێستا بیستمان کە ئۆردوو دێ هاتووین بۆ پێشوازی کردن لە ئۆردوو. ستوونەکان دەوری ئاوەدانییەکەیان دا، ئەوان پێیان وابوو ئێمە هەر وا دەمانەوێ بێینە نێو ئاوەدانییەکەوە، پێیان وا بوو ستوونەکان بە دووی لای ئاوەدانییەکە دا دەگەڕێن و دەڕۆن، ئاغا لە پڕ تەقە کرا. تەق، تەق. لە پڕ دیتم هەر ئەو کابرا ئەرمەنییەی کە لە لای من بوو لە پڕ وون بوو. دەی براکەی و دایکیان

گرت ، ئاغا تەق و تۆقیک بوو نەبێتەوە. دوو کەس لە نیزامییەکانی ئێمەکە پێشەنگی ستوونەکە بوون کووژران و ئێمە خۆمان گەیاندە ئاوەدانییەکە و ئاوەدانییەکە گەمارۆ درا.

ئاوەدانییەکە گەمارۆ درا و نیزیکەی شێست تفەنگ و شەش موسەلسەل کۆ کرانەوە بەڵام ژمارەیەک لە ئەرمەنییەکان کە چەکیان پێ بوو هەڵاتن.، دەی هاتینە نێو باڵانش و هیچ ئیدی لەوێ ستوونمان ڕاگرت و یەکەیەکمان لەوێ دانا و ڕۆیشتین بەرەو ڕەزائییە. سەرتیپ زەنگەنە لە ڕەزائییە بوو لە ئازەربایجان. ئەو هاتە بەرەوپیلمان لەگەڵ ژمارەیەک لە پیاوماقووڵانی ڕەزائییە.گوتم، ئاغا ئەوە چۆنە ئێوە خەبەرتان لە بن گوێتان نییە کە لە باڵانش ئەرمەنییەکان چەکدارن؟ چووینە ڕەزائییە و لەوێ زانیمان بەڵێ ئاغا ئەوە مەلا مستەفا خەریکە بەرەو موانا دەجووڵێ و دەیەوێ بە سنووری ئێران و تورکییە دا تێپەڕێ و بڕوا. گوردانێکی پیادە و ئیسوارانێکی سوارەمان نارد لە گەڵ سەرهەنگ نەیساری بچنە موانا و لەوێ پێشیان پێ بگرن.، چوار تانکیشمان نارد. ئەو تاییفەیەش کە لە موانا بوو سەر بە ڕەشید بەگی کورد بوون کە هەموویان چەکدار بوون، ئازەربایجان هێشتا هیچ کاری نەکرد بوو بۆ باوەخوون کردنەوەی ئەوانە کە گەیشتنە نیزیکی دێی موانا ئاغای سەرهەنگ نووسیبووی، ئاغا ئەوە ڕەشید بەگە خۆی چەکدارە و یاغی و تاغی، داوای تەئمین دەکا.تەئمینێکمان بۆ ڕەشید بەگ نووسی و ڕەشید بەگ بۆ شەوێ هات بۆ ئۆردوو لە ڕەزائییە. دەی ڕەشید بەگ ئەتۆ دەبێ پێشی ئەو بارزانییانە بگری. گوتی، " ئێمە ئامادەین." گوتم ئەماننامە بە ئێوەش دەدەین. بۆ بەیانی فەرمانمان دا کە ئەو هێزەی ڕەشید بەگ بە مەودای کیلۆمیترێک لە نیزامییەکان و لە پێشەوەی ئەوان دەست بکەن بە پێشڕەوی. لەو نوختانەی کە بارزانییەکانی لێن، مەلا مستەفا و ژمارەیەک گەیشتنێ. تانکەکانیش وە پێش خرابوون. دەزانی ئەو ڕۆژە هەشت نەفەر لە پیاوەکانی ڕەشید کووژران و بارزانییەکانیش پێنج کەسیان لێ کووژرا و پاشەکشەیان کرد، گەڕانەوە. گەڕانەوە بەرەو شنۆ، نەیانتوانی تێپەڕن.دەی، کاتێک ئەوە هاتە پێشێ ئێمە ستوونەکانمان هێنا بۆ شنۆ ئەوانیش هاتن بۆ زێوە، دۆڵێک، تەنگێکە بەستێنێکی هەیە. لایەکی ئەو کێوانەن کە دەڕواننە سەر سنووری تورکییە و ئەم لایەی دیکەشی عێراق کە لەوێ لە تەنگی داڵانپار نیشانەی سنووری سێ دەوڵەتە،ئێران، عێراق و تورکیە یە.

دەی باشە، ئێمە لە ڕەزائییە و لە شنۆ و لە فڵانەوە لە سێ لاوە ستوونەکانمان نارد بەرەو بارزان. ئەها ئەوەم عەرز نەکردی. هەنگێکی سوارەمان لە گەڵ نەیساری نارد کە لە پێش ئاوەدانییەکە خۆیان دامەزرێنن. شەوێ لەوێ چادریان هەڵدابوو. فەرماندەی دەستەیەکی هەنگەکە کوڕی سەرهەنگ جەهانبانی بوو کە دوایە بوو بە سپەهبود جەهانبانی، نێوی حوسێنی جەهانبانی و سیتوانی سوار بوو. چوو بوو بۆ پاراستنی کەلەکەی ڕاستی هەنگی سوارە کە بارزانییەکان لەوێ لە تەنگەکە دا خۆیان حەشار دابوو هێرشیان کرد و تەقەیان کرد و سیتوان جەهانبانی یان لەگەڵ حەوت سەرباز گرت. کاتێک هاتبوونە ئەو دۆڵە بیستم، دەی، من شەرحێکم نووسی بۆ مەلا مستەفا کە ئەگەر بێتو تا ٤٨ سەعاتی دی ئەوانە ڕادەست نەکەنەوە ئەوێ بۆمباران دەکەین و چی و چی و وابوو بە ڕێگای مەلایەک دا ئەوانەی ناردەوە.

پرسیار: بەڵێ؟

ووڵام : جەهانبانی و نیزامییەکانی ناردەوە. نامەم نووسی بۆ مەلا مستەفا کە دەبێ ئێوە یان تەسلیم بن و چەکەکانتان ڕادەست بکەن یان نیروو دێ بۆ هەموو شوێنی زێوە و دەبێ بیناگرێتەوە چونکە ئێمە دەبێ هێمنی ناوچە سنوورییەکان دابین بکەین. خۆڕاگری کرد ئیدی فڕۆکەکان لە سەرەوە و ستوونەکانیش لە سێ لاوە هێرشیان کردە سەر بارزانی. بارزانییەکانیش ناچار مان دەستیان کرد بە پاشە کشە بەرەو سنووری عێراق، مولاحەزە دەفەرموون ؟ هاو کات بە بێ سیمیش بە فەرماندەی هێزی عێراق سەرتیپ حیجازی مان گوت کە دواتر بوو بە سەرۆکی پۆلیسی عێراق و فڵان ، کە هێزەکانی ئێران بارزانییەکانیان بەرەو سنووری عێراق ڕەپاڵ ناوە و ئۆپێراسیۆنەکە بەردەوامە. بە کورتی ئەوان ڕۆیشتن و چوونەوە نێو خاکی عێراق.

چوونەوە نێو خاکی عێراق ، مەلا ئەحمەد [ شێخ ئەحمەد ]و ئەمەش لەوێ و ئەوە هیزی عێراقیش هاتبوو بە پێی زانیارییەکی کە ئێمە پێمان دابوون و چەکەکانیانی لێ وەرگرتنەوە، مەلا مستەفا بۆخۆی، لەوێ پردێک دەبێ، لەوێ لەوبەری پردەکە دەبوو چەکەکان دابنێن و بیاندەنەوە. مەلا مستەفا کە لەو پردە دەپەڕێتەوە بەرەو لای ڕاستی ئەوان دەچێ، هەموو دەچنە پێشێ خەڵکیش زۆر بوون ئیدی ئەوانیش هەست پێ ناکەن، دەستەکەی دیکە لە پردەکە دەپەڕنەوە، پردەکەش بەرتەنگ و باریک بووە، هەر بارزانی دەبێ و لێی دەپەڕێتەوە، مەلا مستەفاش لە گەڵ نیزیکەی دووسەد و پەنجا ، سێ سەد نەفەر بە دوای ئەواندا ناچێ و بەرەو لای ڕاست دەچێ و خۆی دەشارێتەوە دەو کێوانە دا. ئەوانی دی

دەچنەوە و چەکەکانیان ڕادەست دەکەن و تەسلیم دەبنەوە. کە هەر دەپرسن ئەی کوانێ مەلا مستەفا لە کوێیە؟ ئەوانیش بە مەئمووری عێراقی دەڵێن مەلا مستەفاش هەر لێرەیە و ئەوە لە دواوەوەیە دێ، دێ ، دێ، خەریکی لێدەوبڕۆیە لە گەڵ ئێران. بە کورتی ئێمە ئیدی خەبەرمان لە مەلا مستەفا نەما، یانی ئیدی خەبەرمان لە بارزانییەکان نەبوو.
عێراقییەکان هاتنە سنوور و ئەو ئاغای حیجازی ش هات و دیدارێکمان هەبوو، زۆری پێزانی خۆی دەربڕێ و سپاسی کرد لەو ئۆپێراسیۆنەی کە ئێمە کردمان و کۆتایی ئۆپێراسیۆنەکانیشی ڕاگەیاند و بۆ ئێمەی نووسی کە بەڵێ بارزانییەکان هاتنەوە بۆ خاکی عێراق. نەی دەزانی خەبەری لە هەڵاتنی مەلا مستەفا نەبوو. دیارە چوونەوە و چووبووشنەوە.

زۆرباشە، ئێمەش تێلگرافێکمان کرد بۆ تاران و زۆر ڕازی بوونی خۆیان لە من دەربڕی و منیان کردە سەرلەشکر.
عەرز بکەم بە حزووری موبارەکتان کە گەڕاینەوە ڕەزائییە چەند ڕۆژێک تێنەپەڕیبوو گوتیان ئەعلاحەزرەت دەیانەوێ تەشریف بهێنن. ئێمە پادگانەکانمان لە شارەکان،لە مەهاباد و شاپور و ڕەزائییە و هەروەها خوێ و ماکۆ و ئەوانە کۆ کردەوە و بە خێراییش دەستمان کرد بە کۆ کردنەوەی چەک. سی و دوو هەزار قەبزە تفەنگمان لێ ئەستاندنەوە. ئەعلاحەزرەت گەیشتە تەورێز و سێ ڕۆژێک لە تەورێز مایەوە و دوایە وەڕێ کەوتن بەرەو ڕەزائییە.
ئێمەش چووین بۆ پێشوازی، لە خوێ تێپەڕبووین و لە ڕێگا تووشی ئۆتۆمۆبیلی شا بووین و شا ماشێنی ڕاگرت. ئەها کاتێک دەمانەویست لە خوێ وەڕێ بکەوین سەر لە بەیانی خەبەریان دا کە لە سنووری تورکییە ئەمڕۆ چەند تفەنگچییەک هێرشیان بردووەتە سەر ڕانە مەڕی تاییفەیەک کە مەڕەکانیان لە بناری شاخی لەوەڕاندووە و چەند مەڕیان لێ ئەستاندوون و لەهجەی قسە کردنیشیان بارزانی یانە بووە. دوایە خەبەرێکی دیکە گەیشتێ کە گوتیان مەلا مستەفا لە برایەکەی جوێ بووەتەوە و لە لای سنووری تورکییەوە لە [خاکی] تورکییە دایە، ئەوەش هاتە پێشێ، هەرچۆنێک بێ، ئەمن کە بە حزووری ئەعلاحەزرەت گەیشتم کاتێک کە دابەزی لە گەڵ گوزاریشتەکانم پێم گوت کە خەبەرێکی ئاوا هاتووە. گوتی ، " ئاغا، کاری مەلا مستەفا کە تەواو بوو، خۆ عێراقییەکانیش بەیاننامەیان بڵاو کردووەتەوە. گوتم بەڵێ ئەو خەبەرەش هاتووە. شا ڕەزایەتێکی زۆری دەربڕی و سوار بووین و گوتی، " وەرە سواری ئۆتۆمۆبیلی من بە." هاتینە خوێ. ئاغای مەنسوور ئوستانداری ئازەربایجان لە ڕکاب دابوو و ژمارەیەک وەزیر لە گەڵ شا بوون و زۆر بە جەلال و جەبەڕووت...

پرسیار: کاردانەوەی خەڵک چی؟

وولام: هیچ ، لە جێدا گرینگ ... خەڵک شادییان دەکرد، دەنگی " یاشاسن، یاشاسن، بژی شا، یاشاسن" بەرز ببووەوە. لە دەوروبەری ڕێگا [خەڵک] ئەو پەڕی شادییان دەنواند. شا هاتە خوێ و زۆر بە کەیف بوو، نانی نیوەڕۆی خوارد و داوای منی کرد و گوتی،" دەی، من زانیارییەکم دا بە ئێوە، ئێوە بۆ وەدەست خستنی ئەو زانیارییە چ دەکەن؟ گوتم من فەرمانم داوە گوردانێک لە ڕەزائییەوە بچێتە موانا و بزانێ چ باسە. گوتی، " زۆر باشە، ئەمنیش سبەینێ سەر لە بەیانی دەچم بۆ ماکۆ ئەتۆ لەگەڵ ئێمە مەیە بۆ ماکۆ، بچووە ڕەزائییە ئەوەی پێویستە بیکە هەتا من..." زۆر باشە.
ئێمە چووینە ڕەزائییە و شاش چوو بۆ ماکۆ . بۆ بەیانی ڕا من گەڕامەوە و هاتمە شاپوور. عەرزت بکەم ئێمە فەرمانمان دا تایفە کوردەکانی هاوسنووری تورکییە کە هەر هەمان تایفەی سمکۆ
[ نووسیویە سمیت خۆ] و کوڕی سمکۆ [ نووسیویە سمیت خۆ] و عومەرئاغای برای، یانی برا نە، ئامۆزای سمکۆ [نووسیویە سمیت خۆ] بە هەموو سوارەکانیانەوە دێنە شاپوور، ئێستا ئێمە چەکەکانیانیشمان لێ وەرگرتن، ئەوانە نیزیکەی هەزار سوار [دەبوون]پێمان گوتن بێن لە دەرەوەی شار ریزە ببەستن. شا هاتە شاپوور و نانی خوارد و دەیەویست وەڕێ کەوێ بەرەو ڕەزائییە. گوتم قوربان تەدارەکی ئاوامان دیوە، هاتە ئەوێ و ئەسپیشمان ئامادە کرد بوو کە کاتێک شا گەیشتێ ئەوانە سوارن و شاش بە سواری لە پێشەوە تێپەڕێ. دەی (؟) تەشکیلاتی یە، سوار (؟) لە جێدا لە سەر ئەو ڕووداوە عەبدوڵاخانی ئەمیر تەهماسبی ش هەر کارێکی ئاوای کرد. سمکۆ [ نووسیویە سمیت خۆ ]ی هێنا بە سوارەکانییەوە بۆ دیداری ڕەزا شا ئەو کاتەی کە سەرداری سپە بوو و ببووە شا و لە ئازەربایجان بوو و ئەو کارەی [تەهماسبی] بووە هۆی ئەوەی دەستبەجێ لە فەرماندەیی لەشکر لا درا و شا لەگەڵ خۆی بردی بۆ تاران و کردیە وەزیری شەڕ و دواتریش وەزیر ڕێ. هۆیەکەشی ئەوە بوو کە گوتبووی کە تۆ، هەڵبەت ئەو بە چەکەوە ئەوانەی لەوێ حازر کردبوو، بەڵام ئەوانەی من هیچ چەکیان پێ نەبوو ، ئێمە بە بێ چەک ئەوانەمان هێنابوو، چەکەکانیانمان لێ وەرگرتبوون. [ بەڵام ] عەبدوڵا خان ئەوانەی هەموو بە چەکەوە هێنابوو. کاتێک ڕەزا شا دەگاتێ دەبینێ ئەوە ژمارەیەک سوارەی چەکدار لەوێن و سمایل ئاغای سمکۆ [نووسیویە سمیت خۆ] خۆشی لەوێیە، شا تێدەگا لەوەی کە

چۆنییەتێکی نابەدڵە، دەست دەکا بە [قسە] لە گەڵ سمایل خان و وەخت و مەجالی ناداتێ. لە سماییل ئاغا خان[!!] [دەپرسێ] تایفەکەتان چییە؟ وەزعتان چۆنە؟ فڵان و فڵان و [ دەڵێ] ماشێنەکەم بێنن. چوار ووشە دەڵێ و سواری ماشێنەکەی دەبێ و دوای ئەوەی کە ڕۆیشتبوو دەنێرێ بە دوای عەبدوڵا خانی تەهماسبی دا ، ئەو کاتەی کە تێپەڕیبوو و گەیشتبووە شار داوای عەبدوڵاخانی کرد بوو. گوتبووی،" باشە ئەتۆ بە چ دەستەڵات و دڵنیاییەکەوە ئەو کارت کرد؟ گوتبووی قوربان بە هەمان توانایەوە کە توانیم ئەوانە گوێڕایەڵ کەم و ئامادەیان بکەم بۆ خزمەتگوزاری. دڵنیا بووم کە ئەوانە خەتا ناکەن. پێی گوتبوو،" نا تۆ هەستت پێ نەکردووە و لەگەڵ من وەرە بۆ تارانێ و لەوێ ڕۆیشتبوو .

مەقسوود، شا هاتە ڕەزائییە لە ڕەزائییەش هەنگامەیەک بوو، پێشوازییەکی زۆر شایانیان لە شا کرد و شەوێش نمایشێک هەبوو و خانمێکیش پەرچەمێکی سێ ڕەنگی ئێرانی بە شێر و خۆر بە زەنگیانە دروو بوو و پێشکێشی شای کرد. شاش دای بەمن و فەرمووی کە ئێوە دەبێ ئەمە بپارێزن. بە کورتی، دوای سێ چوار ڕۆژ دەرکەوت کە نەخێر [!] ئەوە مەلا مستەفا یە، خەریکە بە سنووری تورکییە دا دەڕوا.
ئەو گوردانەی کە ناردبوومان بە هەڵکەوت لە جێیەک تووشیان هاتبوو، ئەویش خەریک بوو بەو نوختە سنوورییە دا تێدەپەڕی و عەرزی شام کرد. شا فەرمووی نابێ بهێڵن ئەوە بڕوا. گوتم نەهێڵین کە ناوچەکە شاخاوییە و ژمارەیەک پیادەی کارامە دەتوانن بە هەموو ڕێگایەک دا تێپەڕن. فەرموویان یەکەکان پێشیان بگرن. دەی هێندێک یەکەمان نارد پێشیان بگرن. بەشی پێشەوە نەیانتوانی پێشیان بگرن و لە خەتە بەرگرییەکە تێپەڕین. عەرزت بکەم لە قۆناغی دووهەم دا گەیشتبوونە ئاوەدانییەک کە ئەوێ گوردانێکی پیادەی لێ بوو. لە گەڵ ئەو گوردانە بەشەر هاتن بە گوللە فەرماندەی گرووهانەکەیان دا و هەر دووک چاوی کوێر بوو. سیتوان یەکەمێک بوو، جەوانێکی باش بوو، ٥ کەسی نیزامییان کوشت. گوردانێکی سوارەش ئەوانەی ڕاگرت، هەموو چەکەکانیان فڕێ دا و چوون و خۆیان بە ئاو دا دا، بە مەلە [پەڕینەوە]. چوار کەسیان، بە ئیستیلاح [!] تەرمی چوارکەسیان لەم بەرەی ئاو بوو ئەوانیدی هەموویان چوونە نێو خاکی شووڕەوی. تفەنگ و فیشەک هەرچییەکی هەیانبوو، دەمانچە، هەموو ئەوانەیان فڕێ دا و چوونە نێو خاکی ڕووسییە. هەڵبەت [ئەو دەمی] ئەعلا حەزرەت گەڕابوونەوە تاران کە ئێمە ئۆپێڕاسیۆنەکانی دیکەمان کرد و ئاکامەکەی ئەوە بوو. ئەوە بوو مەئمووریيەتی لە ئازەربایجان.

دەی ئیدی، سپەهبود ڕەزم ئارا لە ساڵی ١٣٢٩ [ی هەتاوی] دا بوو بە سەرۆک وەزیر. بەندە هەموو بەیانیان پیادەڕۆییم دەکرد.

پرسیار:ئەتۆ ئەو دەمی خانە نشین کرا بووی؟

وولام : بەڵێ خانە نشین بووم، بیست و هەشت ساڵ زیاتر.
پرسیار: هۆی خانە نشین کردنت چ بوو ؟

وولام : هۆی خانەنشین کرانی بەندە ئەو جۆرەی کە سپەهبود ڕەزم ئارا باسی کرد پێی گوتم: " ئەوە تیرێک بوو ڕووی لە من بووە بەڵام وە ئێوە کەوتووە." ڕۆژێک کە هاتمە ئافیسەکەی پێی گوتم ئەوە دژایەتییەک بووە کە لە گەڵ من کراوە..

پرسیار: لە لایەن کێ وە؟

وولام : ئەو مەبەستی ئەوە بوو کە وەزیری شەڕ ئەمیر ئەحمەدی بووەتە هۆی ئەو کارە، مولاحەزە دەفەرمووی؟ هەڵبەت هێندێک لە سەرانی ئەرتەشیان خانە نشین کرد بەڵام ئەوان تەمەنیان زۆر بوو، بۆ وێنە هەر لەو حوکمەی دا باسی خانەنشین کرانی منی تێدا بوو، زاهیدی ش خانە نشین کرا، شەفاهی ش خانە نشین کرا، عەرزبکەم بە حزووری موبارەکتان کە سەرلەشکر ئەمیری سەرداری خانە نشین کرا.
پرسیار: ئەڕفەع یش ئەو دەمی خانە نشین کرا؟

وولام : نا، ئەڕفەع نەکرا [دوایە] خانە نشین کرا، ئەمنیش خانە نشین کرام بەڵام هەڵبەت ئەوان تەمەنیان زۆر بوو. بەڵام من تەمەنم زۆر نەبوو. عومرم ٤٧ ساڵ بوو ئەو دەمی کە خانە نشین کرام. هەرچۆنێک بێ [ ڕزم ئارا ] ئاوای باس کردئەمنیش ئیدی وە دوای پێوشوێنی نەکەوتم. [ ڕەزم ئارا] لە ساڵی ١٣٢٩ [ ی هەتاوی] دا بوو بە سەرۆک وەزیر. ئەمن هەموو ڕۆژێ بەیانی زوو سەعات ٦ ڕێم دەپێوا، ڕۆژێکی جومعە بوو عەرز بکەم بە حزووری

موبارەکتان بەرەو دەربەند دەچووم . لە بەرزاییەکانی دەربەند سەر دەکەوتم، لە جادەی دەربەند دەبینم ماشێنێک لە پشت سەری منەوە ستۆپی کرد. ئاوڕم داوە دیتم ئەوە خودالێخۆشبوو ڕزم ئارا یە. گوتی، " بۆ کوێ دەچی، ئێستا چوومە ماڵتان لەتۆم پرسی گوتیان بەیانیان دەچییە ڕێپێوانێ و پرسیم بە چ ڕێگایەک دا دەڕوا، پێیان گوتم بە ئاسایی زیاتر دەچێتە دەربەندێ. ئێستا فەرموو سوار بە لە گەڵم بچینە شار ئەمن کارم پێتە". سواری ماشێن بووین چووینە ماڵی ڕەزم ئارا. گوتی، " هەتا چایی دێنن ئەم نامیلکەیە بخوێنەوە." ئەمن نامیلکەکەم خوێندەوە دیتم سەبارەت بە هەڵبژاردنی ئەنجومەنە ئەیالەتی و ویلایەتییەکان و ئەو دەستەڵاتانەیە کە دەبێ بدرێ بە ئەنجومەنەکان. دەی خوێندمەوە. هات دانیشت و چاییمان خواردەوە. گوتی، " چۆن بوو؟" گوتم بەڵێ بناخەکەی باشە بەڵام ئێوە دەتانەوێ چ نەتیجەیەک لەوە وەربگرن؟ گوتی، " چۆن"؟ مەبەستمان [ پێک هێنانی ] ئەنجومەنی ئەیالەتی یە دەمانەوێ کاری خەڵک بسپێرینە دەست خەڵک." گوتم قوربان ئەگەر دەتانەوێ کاری خەڵک بە خەڵک بسپێرن لەپێشدا هەڵبژاردنی ئازاد بەڕێوە بەرن. کاتێک خەڵک نەتوانن بە مەیلی خۆیان نوێنەری مەجلیس هەڵببژێرن ئەگەر ئەنجومەنیشیان هەبێ ئەو ئەنجومەنەش مافی هێندێک لە تاکوتەرای خۆجێیی دابین دەکا و دەستدرێژی دەکاتە سەر مافی هێندێکان و سەرچاوەیەکیش نییە کە پێشی ئەوە بگرێ.کاتێک ئەنجومەن بە کەلک دەبێ کە بەڕاستی و بە حەقیقی لە لایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرابێ واتە بە دەردی خەڵک ڕابگا ئەو دەمی بە کەلک دەبێ بەڵام ئەگەر بە نێو ئەنجومەن بێ و بە ڕەسمی و لە ڕاستی و بە شێوەی واقعی نەبێ و لە جێدا چ دەستەڵاتی نەبێ بە باوەڕی من بە کار نایە. گوتی، " زۆر باشە" فلان. " فلانی" بەڵێ. من پێوە بووم ئێوە بکەم بە بەڕێوەبەری گشتی دایرەی پشکنین. : پشکنینی کوێ قوربان"؟ " پشکنینی ئیدارەی سەرۆکوەزیرایەتی". " گوتم قوربان ئەو پشکنینەی سەرۆکوەزیرایەتی هیچ جۆرە دەستەڵاتی هەیە؟ یان هەر بە نێوە؟ گوتی، " نا دەبێ ئەرکی خۆت بە جێ بهێنی و ئەمن تێدەکۆشم بۆ ئەوەی ئەو دایرەیە ئەرکەکانی خۆی تەواو و کەماڵ ڕاپەڕێنێ. " گوتم ئەگەر بەندە بتوانم خزمەتێک بکەم هیچ موزایەقە ناکەم لە ڕێبازی خزمەت بە وولات دا." گوتی ، زۆر باشە ، کەوابوو تکا دەکەم سبەینێ بەیانی وەرە ماڵی من بۆ ئەوەی بە یەکەوە بچینە سەرۆکوەزیرایەتی." ماڵیشی لە هەمان خیابانی فریشتەی شیمران بوو ماڵی ئێمەش کە لە تەنیشت هەمان چرای یەکەمە ڕێگایەکی وا نییە تا فریشتە. چووینە ماڵیان بە یەکەوە سواری [ ماشێن] بووین هاتین. ئەها [ وەبیرم هاتەوە ] گوتی بە پێیان بڕۆین تا نەتیجە .... [ لە دەقی ماک دا نوختەی داندراوە. ح.ق.] پێم وایە هەموو ڕۆژێ ئەوەی دەکرد ، لە ڕێیە بە پییان بڕۆین و قسەبکەین و دوایە سواری ماشین بین. چونکە من بە ڕۆژ بە پێیان ناڕۆم ماندوو دەبم. " زۆر باشە، بە پێیان ڕۆیشتین، لە ڕێیە قسەمان کرد. " ئەو گوتی، بەڵێ ئێوە دەبێ ببنە پشکنێری سەرۆکوەزیر و هەموو ئیدارەکان بپشکنن و پێشی هەموو جۆرە کردەوەی خراپ بگرن و چی و چی " کە هەر زۆر جار ئەوەی دا دەگرتەوە . گەیشتینە مەیدانی وەنەک و سواری ماشێن بووین و هاتینە سەرۆکوەزیرایەتی. بۆ خۆی چووە دەوری مێزەکەی دانیشت و حوکمەکەی نووسی و ئیمزای کرد.........

**ڕیوایەتی خەلیلی فەتاحی قازی سەبارەت بە کۆبوونەوەی هومایوونی لە گەڵ کاربەدەستانی کۆماری کوردستان**

..... مەئموورانی عەسکەری حکوومەت دوو سێ ڕۆژێک دوای هاتنەوەیان بۆ نێو شاری کاریان بەکەس نەبوو، تەنیا خەریکی کۆکردنەوەی چەک و چۆڵ بوون. دوای کۆکردنەوەی چەک و پاش ئەوەی مەلا مستەفا جارێکی دیکە بەپێی فەرمانی کاربەدەستانی ئەرتەش هاتەوە بۆ مهاباد، شەوی دووی بەفرانباری 1325 هەتاوی

(دیسامبری 1946ی زایینی) بە بیانووی پێڕاگەیشتن بە ژمارەی ئەوچەک و چۆڵانەی کۆکرابوونەوە، سەرتیپ هومایوونی کۆمیسیۆنێکی بە بەشداریی سەرهەنگ فیووزی و سەرهەنگ ئایروم و گشت ئەندامانی کاریگەریی حیزبی دێمۆکراتی کوردستان لەوانە خودالێخۆشبوو قازیی محەمەد، حاجی بابە شێخی سیادەت سەرۆکوەزیری حکوومەتی جمهووری کوردستان ، خودا لێخۆشبوو محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی و هێندێک کەسی دی پێک هێنا.

لە سەرەتای ئەو کۆبوونەوەیە دا سەرتیپ هومایوونی لەو کەسانەی کە ئامادە بوون ناو و پاشناو و پلەیان لە دەستگای حکوومەتی کوردستاندا دەپرسێ. ئاشکرایە لە وەختی ئاوا دا خەڵک لە ترسی ڕاوەدوونران و سزا، کار و

پلەی ڕاستەقینەی خۆیان نادرکێنن. سەرتیپ هومایوونی چاو لە یادداشتێک دەکا  کە گۆیا پێشتر ئاغای "م" سەبارەت بە دەستنیشانکردنی ناو و پاشناو و کار و پلەی هەرکام لە ئەندامانی ناسراوی حیزب ئامادەی کردبوو و نووسیبووی ( بابم بە دوای ئەو ڕستەیەدا  لێی زیاد دەکا : ( گۆیا ئاغای "م" کە یەکێک لە ئەندامە کاریگەرەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو، بەڵێنی پێدرابوو بێتوو ڕیزی چەک و چۆڵ و زانیاریی دیکە بە وردی لەبەر دەست ئێرانییەکان بنێ لێی خۆش دەبن و سزا نادرێ) ، و هەر کە هەست پێدەکا ئەو کەسەی لێی دەپرسێ نکووڵی لە بەرپرسیارەتی خۆی لە حیزبدا دەکا یان ئاگادارییەکی بەپێچەوانە لە سەر خۆی دەدا، دەست بەجێ بە ئاغای "م" دەڵێ  پیشە و پلە و پایەی ڕاستەقینەی ئەو کەسە بڵێ. ئاغای "م" یمیش لە ڕووی نوسخەیەکی دیکەی یادداشتەکە کە لەبەر دەمی دا دەبێ قسەکانی ئەو کەسەی کە وڵامی ناڕاستی داوەتەوە وەدرۆ دەخاتەوە.

هەرچۆنێک بێ دوای زنجیرەیەک پرسیار و وڵام، هومایوونی و هاوکارانی لە " ف.خ" یەکێک لە ئەفسەرانی هێزی کوردستان دەپرسن دەفتەری چەک و چۆڵ و موهیمماتی بە فەرمانی چ کەسێک ئاور تێبەرداوە؟ ناوبراویش دەڵێ بە فەرمانی ئاغای "م" کە جێگری ستادی هێزی کوردستان بوو و ئێستاش لەم مەجلیسەدا حازرە. لە ئاغای "م" دەپرسن بە پێی چ فەرمانێک ئەو کارەت کردووە؟ ئەویش دەڵێ بە پێی فەرمانی محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی وەزیری جەنگی حکوومەتی کوردستان. خودالێخۆشبوو محەمەد حوسێن خان هەر لە بەرچاوی خۆی وەدرۆی دەخاتەوە و دەڵێ ئەو فەرمانێکی ئەوتۆی نەداوە. پاشان کاک "م" دەڵێ  کاک محەمەدئەمینی شەڕەفی لە لایەن حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان و بە پێی فەرمانی محەمەد حوسێن خان ئەو دەستوورەی داوە. لە محەمەدئەمینی شەڕەفی دەپرسن، ناوبراویش قسەکانی کاک "م" وەدرۆ دەخاتەوە. پاشان بە " ف.خ" ( بابم کەمتر بە یادداشتەکانی خۆیدا دەچووەوە. وەکوو بینیمان پێشتر لەو کەسە پرسیار کرابوو، بابم بە هەڵە دووکەس بە یەک نێو هەڵدەدا و یان ئەوەی  ف.خ. دیسان لەوبارەیەوە پرسیاری لێکراوەتەوە و ئەو وڵامێکی جیا لە وڵامی یەکەم دەداتەوە - بژارکار)  کە ئەنبارداری چەک و چۆڵ بووە دەڵێن و لێی دەپرسن ئەتۆ کە بەرپرسی ئاگاداری لە چەک و چۆڵ و پاراستنی کاغەز و سەنەد و بەڵگەی لە مەڕ چەک بووی، بۆچی و بە فەرمانی کێ دەفتەرەکانت سووتاند؟ ناوبراویش دەڵێ بە فەرمانی ڕاستەوڕاستی وەزیری جەنگ محەمەد حوسێن خانی سەیفی قازی ئەو کارەم کردووە و  هەر وەها لێی زیاد دەکا  ئەمن دەستم لە دەفتەرەکان و بەڵگەکان  نەدەدا و نەمدەسووتاندن بەڵام محەمەد حوسێن خان بۆ خۆی بە شەخسە بە دەمانچە هەڕەشەی لێکردم و ئەمنیش لە ترسی گیانی خۆم دفتەرەکان و بەڵگەکانم لە پێش چاوی خۆی ئاور تێبەردا. خودا لێخۆشبوو قسەکانی ئەو کەسە وەدرۆ دەخاتەوە ودەڵێ هۆی ناڕاستی قسەکانی ئەوەیە  دەڵێ من بە شەخسە لەوێ ئامادە بووم و چەکم لێ هەڵکێشاوە و  هەڕەشەم لێکردووە لەکاتێکدا من پیاو و  خزمەتکاری شەخسیم هەبوو و دەکرا ئەو کارە بە دەستی نۆکەرەکانم جێ بە جێ بکەم، چوونی خۆم بۆ کارێکی ئەوتۆ بە لێبڕاوی پێویست نەبوو. لێرەدا سەرتیپ هومایوونی تووڕە دەبێ و بە شڵەژاوی و بەکارهێنانی وشەی ناخۆش ڕوو وەو خودالێخۆشبوو محەمەد حوسێن خان دەڵێ گشت ئەو گووکاری و سەگبابیانە تاوانی تۆیە کە دەفتەر و بەڵگەکانت لەنێو بردووە وتا ئەو کاتەی  چەند و چۆنی چەکەکان ڕوون نەبێتەوە هیچکام لە ئامادەبووان بۆیان نییە لەم هۆدیە دەرکەون و گشتتان لە ژێر چاوەدێری دان.  لە دوای کۆتایی هاتنی قسە سووکەکانی سەرتیپ هومایوونی، خودالێخۆشبوو قازیی محەمەد لە جێی خۆی هەڵدەستێ و بە تووڕەییەکی زۆرەوە کە لەسیمای دەردەکەوێ ڕووەوە سەرتیپ هومایوونی دەڵێ : ئەم کەسانەتان بۆ  هێناوەتە ئێرە ؟ ئەوانە هیچ تاوانێکیان نییە، هەرچی کراوە و کردوویانە، هەمووی بە فەرمانی شەخسی من بووە ئەگەر پێتان وایە خیلافێک کراوە یان هەرچییەکی دیکەی ئێوە نێوی لێ دەنێن ، هیچکەس تاوانبار نییە و ئەو کارە بە فەرمانی من بووە سەرباقی ئەوەش مادام  دەوڵەتی ئێران مەئمووری بێ حەیسییەت و بێ شەرەفی وەکوو تۆ کە کەرامەتی خەڵک لە بەرچاو ناگرن ، بنێرێتە مەنتەقەی کوردستان ، خەڵک لە دەست مەئموورەکانی خائین و تاڵانچی و ملهوڕی کە هیچ ڕێز لە گیان و ماڵ و کەڕامەتی  هیچکەس ناگرن، وەگیان دێن ناچار دەبن سەرتان وەبەر نەهێنن و لێتان هەڵتەزێنەوە، ئەگەر ئەمن و کەسانی وەک منیش لەم ڕێگەیە دا لە نێو بچین  تا ئەوکاتەی ئەو شێوەیەی بێ ڕێزی بە مافی خەڵک بەرقەرار بێ ، وەچەکانی دوای من هەر کەمترین دەرفەتێکیان بۆ  هەڵکەوێ تۆڵەی ئەو زۆرداری و جینایەتانە دەئەستێننەوە.

دوای تەواو بوونی قسەکانی قازیی محەمەد، بێدەنگییەکی مەرگاوی و ترسێنەر، باڵ بە سەر ژووری کۆبوونەوەکەدا دەکێشێ ( ئەو کۆبوونەوەیە لە خانووی حاجی حەمەدەمینی ڕەحیمزادە بووە کە ئێستا بانکی میللی تێدایە)، دوای چەند دەقیقە بێدەنگی، ئاغای حاجی بابە شێخی سیادەت کە لە سادات و  عالمە پایە بەرزەکانی کوردستان و سەرۆکوەزیری جمهووری کوردستان بوو و پشتاوپشتی خەریکی ئیرشاد و ڕێنوێنی خەڵک بوون  لە شوێنی خۆی هەڵدەستێ و دەڵێ:

کەلام واحید ، قسه یەکە، و بە زمانێکی ئارامتر وتەکانی خودالێخۆشبوو قازیی محەمەد دووپاتە دەکاتەوە و دەڵێ ئاغای سەرتیپ هومایوونی ئەگەر لە ئاکامی شەڕی دووەمی جیهانی و نەمانی دەستەڵاتی دەوڵەت لەم ناوچەیە دا هێندێک کار کراون لەبەر ناچاری و مەسڵەحەت و لە بەرژەوەندی موڵک و میللەت دابووە، حەق وایە مەئموورینی دەوڵەت خەریکی دڵدانەوە و ڕازی کردنی خەڵک بن نەک ئەوەی دیسان زۆرداری لە خەڵک بکەن و گوشاریان بۆ بێنن و تا ئەو کاتەی مەئموورەکانی وەک ئێوە مامڵە کردنی خۆتان لە گەڵ خەڵک نەگۆڕیوە،دەبێ هەمیشە چاوەڕوان بن ئەو ڕووداوانە دووپاتە ببنەوە.

دوایە سەرتیپ هومایوونی لە جێی خۆی هەڵدەستێ و بەو کەسانەی لە کۆبوونەوەکە دا حازر بوون دەڵێ لەبەرئەوەی وەزعی چەک و چۆڵ ڕوون نەبووەتەوە ئاغایان مافی دەرکەوتن لەم ژوورەتان نییە و دەستبەجێ چەند سەرباز و ئەفسەری چەکدار دێنە بەردەرگا ودالان و سەرپلیکانەکان و پێش بە دەرکەوتنی حازران جگە لە حاجی بابەشێخ دەگرن. حاجی بابەشێخی سیادەت ئەو شەوە مەرەخەس دەکرێ بەڵام چەند ڕۆژ دواتر ئەویش دەگرن و دەیخەنە زیندانەوە. خودالێخۆشبوو قازی محەمەد و محەمەدحوسێن خان لە ژێر چاوەدێرییدا دەبەن بۆ ژوورەکانی خانووبەرەی عەدلییە ( خانووبەرەی میرزا عەبدوڵای کەریمی کە لە شەقامی شاپوور ڕووبەڕووی دوخانییات هەڵکەوتووە) و لەوێ دەستبەسەر و زیندانیان دەکەن و خەڵکەکەی دیکەش دەنێرن بۆ زیندانی شارەبانی. ئەوە بووە سەرەتای گیرانی خودالێخۆشبوو قازیی محەمەد و محەمەدحوسێن خان کە دەستبەجێ لە لایەن ئەفسەرانی ئەرتەش لە مەهاباد بە دزی و بە نهێنی محاکەمەیان دەستی پێکرد.

خودالێخۆشبوو ئەبولقاسمی سەدری قازی لە کاتی پێشڕۆیی هێزی دەوڵەتی بەرەو ئازەربایجان، لە مەهاباد بوو.کاتێک قوشوونی دەوڵەتی هاتە نێو تەورێز، ناوبراو بە پەلە چوو بۆ تاران تا بەڵکوو ئەحمەدی قەوام سەروکوەزیری ئەوکاتە کارێکی ئەوتۆ بکا مەئموورە نیزامییەکان سەبارەت بە کوردان بە گشتی و قازییەکان بە تایبەتی نەرم بجووڵێنەوە و توند و تیژی بەکارنەهێنن. خودالێخۆشبوو سەدری قازی چەند ڕۆژێک لە تاران لە حەول و تێکۆشاندا بوو بەڵام نەیتوانی هیچ بکا. دوا جار ئەویشیان لە تاران گرت و لە ژێر چاوەدێریدا هێنایانەوە مهاباد و ئەویشیان لەگەڵ خودالێخۆشبوو قازی محەمەد و محەمەدحوسێن خان لە پێشدا لە نێو شاریدا ( خانووبەرەی عەدلییە، موڵکی میرزا عەبدوڵای کەریمی) و دوایە لە سەربازخانە زیندانی کرد.

سەرچاوە: خەلیلی فەتاحی قازی، کورتە مێژووی بنەماڵەی قازی لە ویلایەتی موکری،ئاراس، هەولێر 2009.لل 155-152

**نامەی شەهید سەدری قازی بۆ گەورەتاجی کچی لە کاتی هێنانەوەی دا بۆ مەهاباد:**

*نامەیەکی شەهید ئەبولقاسمی سەدری قازی بۆ گەوەرتاجی سەدری قازی لە کاتی هاتنەوەی بۆ مەهاباد*

فرزندی گوهرتاج صدرقاضی

انشاالله سلامتی را دارید. اینجانب الساعه از طهران وارد مهاباد شده چۆن مادرت در طهران خواهش کرد خات خدیجه را برایش بطهران بفرستم لازم است فوری مشارالیها را حاضر کرده در خدمت جناب آقای سروان شامبیاتی که این کاغذ را بشما لطف خواهند کرد بطهران اعزام دارید و خرج و مخارج راه هم بخات خدیجه بدهید
صدرقاضی
امضاء
۲۵ / ۹ /۱۵

ڕۆڵەم گەوەر تاجی سەدری قازی

ئینشائەڵا سڵامەتن. ئەمن هەر ئێستا لە تارانەوە گەیشتوومەتە مەهاباد، لە بەر ئەوەی دایکت لە تاران داوای کرد خات خەجیجی بنێرمە لای لەتارانێ پێویستە دەستبەجێ نێو براو ئامادە بکەن و لە خزمەت جەنابی ئاغای سەروان شامبەیاتی کە ئەم نامەیەتان دەداتێ بینێرن بۆ تارانێ و خەرج و مخاریجی ڕێگاش بدەن بە خات خەجیج.

سەدری قازی

ئیمزا

١٥/ ٩ / ٢٥